بڕیارەدەری لیژنەی دارایی: هەرێم و بەغدا لەسەر هێڵە گشتییەکانی کێشەکانی نێوانیان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

ژمارە (5800) سێ شەممە 30ی تەممووز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

بڕیارەدەری لیژنەی داراییی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەسەر هێڵە گشتییەکانی کێشەکانی نەوت و بودجە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و بڕیارە چەند لیژنەیەکی هونەری چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوەو بڕیارە تاوەکو پێش مانگی 10ی ئەمسالّ لەباری بەشەبودجەی هەرێم بگەنە ڕێککەوتن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نەوزاد هادی:
نوێنەرایەتیی وڵاتان تێکدانی دۆخی هەولێریان پێ هێڵی سوورە

پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، ڕووداوەکەی هەولێر «ناخۆش بوو» بەڵام متمانەی خەڵک زۆر لەوە زیاترە کە بە ڕووداوێک لەق بکرێت و تەئکیدیشی کردەوە کە نوێنەرایەتیی وڵاتان تێکدانی دۆخی هەولێریان بەلاوە هێڵی سوورە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی سریلانکا دەکات

مەسرور بارزانی: حکوومەت زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنانی بیانی لە کوردستان دەڕەخسێنێت



دوێنێ دووشەممە 2019/7/29 مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نێرانجان رانا‌سینگا باڵیۆزی سریلانکا لە عێراق کرد.

باڵیۆزی سریلانکا پیرۆزبایی لە سەرۆک وەزیران کرد و هیوای سەرکەوتنیشی بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خواست.

ئاماژەشی بە گرنگی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و سریلانکا کرد و گوتی وەبەرهێنەرانی سریلانکا خۆشحاڵن کە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا بەرهەمەکانی سریلانکا لە پیشانگایەکدا لە هەولێر نیشان دەدرێن.

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕوون کردەوە کە لە کارنامەی کابینەی نوێی حکوومەتدا گرنگییەکی زۆر بە هەمەچەشنکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان دەدرێت بە تایبەتی کەرتی کشتوکاڵ. هەروەها زەمینەیەکی لەبارتر بۆ وەبەرهێنانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەڕەخسێنرێت.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان سەرەخۆشی لە شای سعوودیە دەکات



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکی سەرەخۆشیدا بۆ خاوەنشکۆ شا سەلمان بن عەبدولعەزیز ئال سعوود شای عەرەبستانی سعوودیە، بەبۆنەی کۆچی دواییی میر بەندەر بن عەبدولعەزیز ئال سعوودی برایەوە، پرسە و سەرەخۆشی لە خێزان و خانەوادەی بەڕێزیان و گەلی عەرەبستانی سعوودیە کرد.

لە پەیامەکەیدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، وێڕای دەربڕینی هاوسۆزی و هاوخەمی، هیوای بەهەشتی بۆ خوالێخۆشبوو و سەبووری و دڵنەوایی بۆ خاوەنشکۆ شای عەرەبستانی سعوودیە خواستووە.

پەرلەمان کۆدەبێتەوە و خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی دەکات



لەم هەفتەیەدا پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ یادکردنەوەی کارەساتی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی دەکات، پرۆژە یاساکە لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئامادەکراوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

میر حازم: پرسی شنگال پرسێکی نێودەوڵەتییە و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە

میری نوێی ئێزدییەکان و سەرۆکی ئەنجومەنی ڕۆحانی دەڵێ، پرسی سەرەکیم شنگال دەبێت و پێویستە چارە بکرێت، هاوکات لە ڕووی دەرەکیشەوە بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی جیهان کاردەکەن، بۆ ئەوەی چارەیەک بۆ پرسی شنگال بکەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەبوبەکر بەغدادی لە سووریایە

شانەی هەواڵگری هەڵۆکان سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە ئەبو بەکر بەغدادی لە سووریا خۆی حەشاردراوە و هێشتا هەژموونێکی بەهێزی لەناو ڕێکخراوەکەدا هەیە. ئەبو عەلی بەسری لە لێدوانێکدا نوێترین زانیاری سەبارەت بە خۆحەشاردانی ئەبو بەکر بەغدادی خستەڕوو. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

جولیا ماینزا: لە چەند قۆناغێکی مێژووییدا ئەمەریکا هاوکاریی کوردی کردووە



قوتابیەکی ئەمەریکی کە لە کۆلیژی (هۆنەرۆز) لەزانکۆی (مەشیگان)ی بەناوبانگی ئەو وڵاتە دەخوێنێت بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا باس لەکێشەی کورد و مێژووی خەباتی گەلی کورد و شۆڕشی بارزانیی نەمر لەپێناو سەربەخۆیی دەکات و دەڵێ بارزانیی نەمر پێش کۆچی دوایی لە ئەمەریکا گوتوویەتی "خەونی سەربەخۆیی ئێمە کۆتایی نەهاتووە و دڵنیام لە دوای من خەڵکانێک دەبن بە دوای بەدیهێنانی ئەم خەونە دەڕۆن و ڕۆژێک دێت گەلەکەم سەربەخۆ دەبێت".

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

دیندار زێباری: پێویستە تیمی یونێن و حکوومەتی هەرێم بە هاوبەشی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدەنەوە

لە دوای پێکهێنانی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەرۆکایەتی کەریم ئەحمەد خان ڕاوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (یونیتاد) بۆ پتەوکردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی خۆی دەربارەی کارەکانی لە ڕۆژی 2019/7/15 لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، و لە بەردەوامی هەوڵە هاوبەشەکان تیمی نیشتمانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کە پێکدێت لە دەزگای شەهیدی حکوومەتی فیدراڵی و نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێم لە شاری سەماوە دەستی کرد بە هەڵدانەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ کە بۆ سەردەمی ئەنفالی سالانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە و ڕووفاتەکانی ناو گۆڕەکە کوردن و خەڵکی ناوچەی گەرمیانن. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

کەسوکاری کۆژراوانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک جێگیر دەکرێن

کەسوکاری کۆژراوانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک جێگیر دەکرێن و پارچە زەوییەکیان پێ دەدرێت. عەلی حوسێنی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی میحوەری باکووری حەشدی شەعبی بە میدیاکانی عێراقی ڕاگەیاندووە، کەسوکاری کۆژراوانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک، «هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی شەهیدانیان دەبێت» وەک مووچەی خانەنشینی و وەرگرتنی پارچە زەوی. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



شاندێکی باڵای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان سەردانی پەرلەمان دەکات

فازڵ میرانی: پەرلەمان مۆڵگی تەواوی خەڵکی کوردستانە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە

دوێنێ دووشەممە 29ی تەموزی 2019 د.ڕێواز فائق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان پێشوازییان کرد لە شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی.

لە دیدارێکدا فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بەناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونیان لەپۆستەکانیان و هیوای سەرکەوتنی بۆ خولی پێنجەمی پەرلەمان خواست و پشتگیریی تەواوی خۆیانی بۆ سەرۆکایەتیی پەرلەمان و پەرلەمانی کوردستان دووپاتکردەوە و ئاماژەی بە گرنگیی ڕۆڵی پەرلەمان لەدەرکردنی یاساو چاودێریکردن و بەدواداچوونی کارەکانی حکوومەت و پەسەندکردنی بودجە کردو ئومێدی خواست کە ئاراستەی کارکردنی پەرلەمان لە ئاست بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێمی کوردستان و خزمەتکردن بەسەرجەم چین و تووێژەکانی خەڵکی کوردستان بێت، هەروەها بوونی ئۆپۆزسیۆنیشی لەناو پەرلەمان بە نیشانەی دیموکراسی و بەرەوپێشچوونی ئەم هەرێمەو پەرلەمانی کوردستان زانی و ئاماژەی بەوەدا کە پەرلەمان مۆڵگی تەواوی خەڵکی کوردستانە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە.

هەروەها باسی لەو یاسایانەش کرد کە پەرلەمانی عێراق تایبەت بەهەرێمی کوردستان دەربەدەکات و ڕایگەیاند پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی یاساییان بۆ دەکات.

هەر لەدیدارەکەدا هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان باسی لە چۆنیەتیی بەیاساییکردنی کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کاری سەرەکیی پەرلەمان لەڕووی چاودێریکردن و بەدواداچوون و دیپلۆماسیەتی پەرلەمانی کرد. هەر لەدیدارەکەدا باس لە بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق کرا و جەخت لەسەر پێویستیی چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق لە ڕێگەی دیالۆگ و دەستوور کرایەوە.

هەر دوێنێ دووشەمە، ئالان حەمەسەعید سالح وەزیری پەروەردە، پێشوازی لە شاندێکی باڵای پارتی بەسەرۆکایەتی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی کرد. لە دیدارێکدا بەڕێز فازڵ میرانی، بەناوی مەکتەبی سیاسیی پارتی پیرۆزبایی لە وەزیری پەروەردە کرد، بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لەپۆستەکەی و هیوای سەرکەوتنی لە کابینەی تازەی حکوومەت بۆ خواست و پشتگیریی تەواوی بۆ وەزارەتی پەروەردە دووپاتکردەوە،پاشان ئاماژەی بە گرنگی وەزارەتی پەروەردە دا.

لەکۆتاییدا وەزیری پەروەردە سوپاسی شاندی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد، متمانەو هاوکاری و پشتگیری شاندەکەی بەرز نرخاند.



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیامێکی سەرەخۆشی ئاراستەی خاوەنشکۆ شا سەلمان بن عەبدولعەزیز شای سعوودییە دەکات

دوێنێ دووشەممە 29ی تەموز، مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی خاوەنشکۆ شا سەلمان بن عەبدولعەزیز شای عەرەبستانی سعوودی کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی میر بەندەر بن عەبدولعەزیزی براگەورەیەوە.

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان پرسە وسەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خاوەنشکۆ شاسەلمان و بنەماڵەی بەڕێزی شانشین کرد و هاوخەمی گەرمی خۆی دەربڕی و هیوای خواست خوای گەورە میر بەندەر بە بە هەشت شاد بکات و دڵنەواییش بە بنەماڵە بەڕێزەکەیان ببەخشێت.

داناگازی ئیماراتی کارەکانی لە هەرێمی کوردستان چڕ دەکاتەوە



کۆمپانیایەکی ئیماراتی، کارەکانی لە کێڵگەکانی گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستان چڕ دەکاتەوە و شارەزایەکی بواری وزەش بە پێویستی دەزانێت چاکسازی لە گرێبەست و کارەکانی ئەو کۆمپانیایە لە هەرێمی کوردستان بکرێت.

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)، کۆمپانیای داناگازی ئیماراتی وەبەرهێنانی خۆی لە میسر بە بەهای 500 ملیۆن دۆلار دەفرۆشێت و کارەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا چڕتر دەکاتەوە. میسر یەکەمی یەدەگی غازی سروشتییە لە دەریای ناوەڕاست کە یەدەگی غازی میسر نزیکەی شەش هێندەی یەدەگی سروشتیی هەرێمی کوردستانە.

نەوزاد هادی بۆ «خەبات»:

نوێنەرایەتیی وڵاتان تێکدانی دۆخی هەولێریان پێ هێڵی سوورە

پارێزگاری هەولێر ڕایگەیاند، رووداوەکەی هەولێر «ناخۆش بوو» بەڵام متمانەی خەڵک زۆر لەوە زیاترە کە بە ڕووداوێک لەق بکرێت و تەکنیدیشی کردەوە کە نوێنەرایەتیی وڵاتان تێکدانی دۆخی هەولێریان بەلاوە هێڵی سوورە.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر، بە خەباتی ڕاگەیاند، ئەوەی لە ڕێستوورانتی (هۆقەباز) ڕووی دا، رووداوێکی ناخۆش بوو کە هەولێر ئارام و سەقامگیرە و خەڵکی ئەم شارە لە ئارامی و سەقامگیریی ڕاهاتوون، بەڵام «متمانەی خەڵک زیاترە لە کردەوەیەکی لەم شێوەیە، خۆشبەختانە هێزە ئەمنییەکان لە ماوەی 72 کاتژمێردا تاوانبارانیان دەستگیر کرد، بۆیە خەڵک بڕوا و متمانەی زۆریان هەیە بە دامەزراوەکانی کوردستان و ژیانی هەولێر ئاساییە و دوای ڕووداوەکەش متمانەی خەڵک بە هێزە ئەمنییەکان زیاتر بووە».

پارێزگاری هەولێر هەروەها گوتی کە بەلای نوێنەرایەتیی وڵاتان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، « شێواندن و تێکدانی ئارامیی شاری هەولێر، هێڵی سوورە و بەرپرسیارێتیی ئێمەیە ژیانی خەڵک بپارێزین و ئارامیی هەولێر گرنگیی خۆی هەیە بە لای کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییەکانەوە»

ڕۆژی 17ی7ی2019 ڕووداوێکی تەقەکردن لە ڕێستوورانتی هۆقەباز لە هەولێر ئەنجام درا و بەهۆیەوە جێی باسە کارمەندێکی کونسوڵخانەی تورکیا گیانی لەدەستدا و دوو هاووڵاتیی هەرێمی کوردستانیش شەهید بوون ، پاشان زۆربەی تۆمەتبارەکان لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستانەوە دەستگیر کران.

بڕیارەدەری لیژنەی دارایی: هەرێم و بەغدا لەسەر هێڵە گشتییەکانی کێشەکانی نێوانیان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن

بڕیارەدەری لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق گوتی، هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەسەر هێڵە گشتییەکانی کێشەکانی نەوت و بودجە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و بڕیارە چەند لیژنەیەکی هاوبەش چارەسەرێک بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە. بڕیارەدەری لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، د. ئەحمەد سەفار، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی گوتووە: پێویستە هەردوو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق تاوەکو پێش مانگی 10ی ئەمساڵ لەباری بەشەبودجەی هەرێمی کوردستانەوە بگەنە ڕێککەوتن پێش ئەوەی پڕۆژەیاساکانی بودجە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت، ئەگەرنا بەو شێوەیەی ئەمساڵ پەسەند ناکرێت.

د. ئەحمەد سەفار ڕاشیگەیاندووە: هەردوو حکوومەتی هەرێم و بەغدا لەسەر هێڵە گشتییەکانی کێشەکانی نێوانیان گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و پڕیارەکانی بۆ ئەوەی پڕۆژەیاساکانی بودجەی هەرێمی کوردستان بەو پەڕی پسپۆڕیەوە ئامادە بکرێن، ڕێککەون.

سەفار ئەوشی گوتووە: لە مانگی پێنجەوە کار دەکرێت لەسەر ئامادەکردنی پڕۆژەیاساکانی بودجەی ساڵی داهاتوو و سێ ئەندامی ئێمەش تێیدا بەشداران و تاوەکو پێش مانگی 10ی ئەمساڵ تەواو دەبێت و ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا باسی پشکی کورد نەکراوە و چاوەڕێی هەردوو حکوومەت دەکرێت لەسەری بگەنە ڕێککەوتن.

جولیا ماینزا: لە چەند قۆناغێکی میژوویییدا ئەمەریکا هاوکاریی کوردی کردووە



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

قوتابیەکی ئەمەریکی کە لە کۆلێژی (هۆنرۆز) لەزانکۆی (مەشیگان)ی بەناوبانگی ئەو وڵاتە دەخوێنێت بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە و تیایدا باس لەکێشەی کورد و میژووی خەباتی گەلی کورد و شۆڕشی بارزانیی نەمر لەپێناو سەربەخۆیی دەکات و دەڵێ بارزانیی نەمر پێش کۆچی دوایی لە ئەمەریکا گوتوویەتی "خەونی سەربەخۆیی ئێمە کۆتایی نەهاتووە و دڵنیام لە دوای من خەڵکانێک دەبن بە دوای بەدیهێنانی ئەم خەونە دەڕۆن و ڕۆژێک دێت گەلەکەم سەربەخۆ دەبێت".

خاتو جولیا ماینزا کە کچی خاتوو (نەدین ماینزا)ی ئەندامی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی ئازادیە ئایینییەکانە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و پێشتر سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و لە کۆنگرێسی ئەمەریکاش بەشداری لەیادەکانی ڕۆژی کیمیابارانی هەڵەبجە کردووە، لە وتارێکیدا کە لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی سیاسەتەکانی دەرەوە بڵاوی کردۆتەوە و پشتی بەچەندین سەرچاوەی باوەڕپێکراوی سیاسی و ئیعلامی بەستووە، باسی لە پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئەمەریکای کردووە و لە نوسیوویەتی: تێڕوانینی ئەمەریکا بەرامبەر کورد لە عێراق و سووریا جیاوازە و لە چەند قۆناغێکی میژوویییدا ئەمەریکا هاوکاری کوردی کردووە و کوردی پاراستووە، بەڵام هێشتا کوردەکان چاوەڕێی زیاتر دەکەن و نیگەرانیشیان لەهەندێ هەڵوێستی ئەمەریکا هەیە، بەتایبەتیش ساڵی 1975 و دواتریش 1991 و ئینجا لە ڕیفراندۆمی ساڵی 2017 کە لەو سێ ساڵەدا سێ هەڵوێستی ئەمەریکا هەبوو بەدڵی سەرکردایەتی سیاسی و خەڵکی کوردستان نەبووە. لەبارەی کوردی سووریاشەوە پەیوەندییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ جیاوازە، بەو پێیەی هێزە کوردییەکانی سووریا پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد و پەکەکە هەیە، بەڵام لە کوردستانی عیراق بابەتەکە پێچەوانەیە و لەشەڕی داعیشدا ماوەی 5 ساڵە ئیدارەی ئەمەریکا هاوکاری ڕاستەوخۆی لۆجیستی و سەربازی پێشمەرگە دەکات و توانیان بەسەر داعش سەربکەون.

لەبەشێکی تری نووسینەکەیدا خاتوو جولیا نووسیویەتی: کورد لەساڵی 1918ـەوە داوای سەربەخۆیی دەکات و نیگەرانیەکی زۆری لەبەریتانیا هەبووە کە هۆکاری دابەشبوونی خاکەکەیان بووە و بەو هۆیەوە بارزانیی نەمر شۆڕشی بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەی دەستپێکردووە، بەڵام عێراق و ئێران لەساڵی 1975 بەئاگاداری هێنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمەریکا کۆتاییان بەم هەوڵەی کورد هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا بارزانی بێ ئومێد نەبوو و پێش کۆچی دوایی لە ئەمەریکا گوتوویەتی: ڕۆژێک دێت نەوەکانی دوای من خەونی سەربەخۆیی دێننەدی.

عێراق..

داعش هێرشی کردە سەر ژمارەیەک کێڵگەی نەوت

ڕاگەیەندرا پەلامارێکی تیرۆریستی داعش، بۆسەر ژمارەیەک کێڵگەی نەوت لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەرپەرچدراوەتەوە. ئەفسەر لە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنەکانی سەلاحەددین، نەقیب سەعد محەمەد ڕایگەیاند کە ژمارەیەک تیرۆریستی داعش هەوڵیاندا پەلاماری کێڵگەکانی عجیل و عەلاس لە سنووری پارێزگای سەلاحەددین بدەن، بەڵام پەلامارەکە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەرپەرچدراوەتەوە.

نەقیب سەعد محەمەد ئاماژەی بەوەشدا کە لەو پەلامارەدا، تیرۆریستانی داعش هەوڵیاندا سەرەتا هێزە ئەمنییەکان بکەنە ئامانج و دواتر هەڵبکوتنە سەر کێڵگەکان و گوتی: دوای وەدەرنانیان لە پارێزگای سەلاحەددین لە کۆتایی 2017دا، ئەوە یەکەم جارە داعش هێرش لە سنووری پارێزگاکە ئەنجام دەدات. سەعد محەمەد باسی لەوەشکرد لە میانی بەرپەرچدانەوەی پەلامارەکەدا، هیچ کارمەندێکی ئەمنی نەکوژراوە و گوتی: دوای پەلامارەکەی داعش، هێزی پشتیوانی ڕەوانەی ناوچەکە کراوە.

پڕۆژە یاساکە لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئامادەکراوە

پەرلەمان کۆدەبێتەوە و خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەیاسای جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی دەکات



لەم هەفتەیەدا پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و خوێندنەوەی دووەمی بۆ پڕۆژەیاسای دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ یادکردنەوەی کارەساتی کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی دەکات، پڕۆژە یاساکە لەلایەن فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ئامادەکراوە.

لەبارەی پڕۆژە یاساکەوە، ڕۆبینە ئۆمێلک، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە کە پڕۆژەیاسایەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بڕیارە لەم هەفتەیەدا خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێت و لە خوێندنەوەی سێیەمدا پەسەند بکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد کە سەرجەم ڕێکارە یاساییەکانی پەسەندکردنی پڕۆژەکە تەواو بوونە. بەگوێرەی زانیارییەکانیش بەشێک لە ناوەڕۆکی پڕۆژەیاساکە بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆژی 3ی مانگی 8وەک ڕۆژی کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی، جگە لە تۆمارکردنی ئەو کورده ئێزدییانەی لە هێرشی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش گیانیان لەدەستدا، بە شەهید و پێدانی ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان بە کەسوکاریان.

هەر سەبارەت بەو پرسە، سەوسەن محەمەد میرخان، سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاندووە کە پڕۆژەیاساییەکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و بڕیارە لەم هەفتەیەدا خوێندنەوەی دووەمیشی بۆ بکرێت و لە خوێندنەوەی سێیەمدا پەسەند بکرێت. سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان ڕاشیگەیاندووە کە بڕیارە ڕۆژی 3-8 بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان بناسرێت، چونکە لەو ڕۆژەدا تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر شنگال و زۆرترین کوردی ئێزیدیان جینۆساید کرد. ڕۆژی 2014/8/3 چەکدارانی داعش دوای هەرەسپێهێنانی سوپای عێراق و داگیرکردنی زۆربەی ناوچەکانی پارێزگای نەینەوا، هێرشیانکردە سەر شنگال و کۆمەڵکوژییان ئەنجامدا.

هەموو هەوڵێک دەدەین شنگالییەکان بە گرەنتیی ئاسایشەوە بگەڕێنەوە ناوچەکانیان

میر حازم: پرسی شنگال پرسێکی نێودەوڵەتییە و دەبێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە



میری نوێی ئێزدییەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی دەڵێ، پرسی سەرەکیم شنگال دەبێت و پێویستە چارە بکرێت، هاوکات لە ڕووی دەرەکیشەوە بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و ولاتانی جیهان کاردەکەن، بۆ ئەوەی چارەیەک بۆ پرسی شنگال بکەن.

میر حازم تەحسین بەگ میری ئێزدییان لە کوردستان و جیهان بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕایگەیاندووە، کە ئەوان لە ڕووی دەرەکییەوە بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و ولاتانی جیهان کاردەکەن، بۆ ئەوەی چارەیەک بۆ پرسی شنگال بکەن، چونکە پرسی شنگال پرسێکی نێودەوڵەتییە و دەبێ چارەی بۆ بدۆزرێتەوە، هەروەها لە ناوخۆشدا ئەوان ئەنجوومەنێکی ئێزدی بە ناوی ئەنجوومەنی بالای ئێزدییان دروست دەکەن و، لە 60% شنگالی دەبن، ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزدیانیش بەرفراوان دەکەن، هەندێک کەسی لە نێودا دەبن، کە شنگال ڕۆڵی خۆی بگێڕێت، جەختیش دەکاتەوە لە کاتی میریایەتییەکەیدا شنگال بەرنامەی سەرەکییان دەبێت.

ئەو دەربارەی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئێزدییان ئاماژە بەوە دەکات، کە تا پێیان بکرێت، ڕێگە نادەن دیمۆگرافیای ناوچەکەیان بگۆڕدرێت و لە دژی ئەو گۆڕینەی دیمۆگرافییایە دەوەستن.

ئێستا 85%ی خەڵکی شنگال ئاوارەن و بۆ گەڕانەوەیان میری ئێزدیان بۆ ئەو پرسە پلانی هەیە، کە لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان گفتوگۆ بکەن، جەختیش دەکاتەوە، کە هەموو هەوڵێک دەدەن شنگالییەکان بە گرەنتی ئاسایشەوە بگەڕێنەوە ناوچەکانیان.

میر حازم تەحسین بەگ باسی لەوەشکرد، کە دوای پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێم مەسروور بارزانی بەردەوامە و، ئەویش پێیانی گوتووە، کە ئێزدییەکان بەشیکن لەوان و هیچ جیاوازییەک ناکەن، هاوکات ئێزدییەکان لە هەموو پۆست و پلەیەک دادەبن، گوتیشی: ئەگەر کەم و کوڕییەک هەبوو، ئەوا دواتر لەگەڵ سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان قسە دەکەین.

میری ئێزدییەکان دەربارەی کۆتای ئێزدییەکان لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان و پەرلەمانی کوردستانیش دوا، کە دوو ساڵە لەسەر ئەو پڕۆژەیە کاردەکەن بۆ ئەوەی ئەو مافەیان پێ بدرێت، هاوکات لەگەڵ ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزدییان و کەسایەتی ئێزدییانیش سەردانی لایەنە سیاسییەکانیان کردووە، وەکخۆی ئاماژەی بۆ کرد، ئەوکات دەرەنگ بووە و وەختی نەماوە، ئەگەرنا هەموو لایەنەکان پشتگیری خۆیان بۆ ئەو پرسە دەربڕیوە.

جێی باسە ڕۆژی شەممە 27.7.2019 لە پەرستگای لالشی قەزای شێخان و لە ڕێورەسمێکدا حازم میر تەحسین بەگ، وەک میری نوێی ئێزدییەکان و سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزدییەکان دەستنیشان کرا و سوێندی ئایینی خوارد.

بە مەبەستی پیرۆزباییکردن لە میر حازم میر تەحسین

مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی سەردانی شێخان دەکات

دوێنێ دووشەمە، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری ئەندامانی مەکتەب بۆ پیرۆزبایی لە میری ئێزیدیان سەردانی شێخانی کرد. لە دیدارێکدا عەلی حوسێن بەناوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە بەڕێز میر حازم میر تەحسێن سەعید بەگ کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنیان وەک میری ئێزیدیانی کوردستان و جیهان، هاوکات هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لەم ئەرکە گرنگ و مەزنەداو ڕاشیگەیاند دڵنیاین دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەو کاراتان هەبێت لەخزمەت کردن بەئێزیدخان و تەواوی خوشک و برا ئێزدییەکانمان لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەتایبەتی لە قوۆڵکردنەوەی برایەتی و هزری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری ئێزدییەکان کە بەشێکی گرنگ و ڕەسەنی نەتەوەی کورد و کوردستانن لەهەرێمی کوردستان. لای خۆیەوە میرحازم سوپاسی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی کرد بۆ پیرۆزبایی وان و ئەرکی وان لەم پێناوەشدا تەئکیدی لە هەماهەنگی خزمەتکردن بە برایەتی و پێکەوەژیان کردەوە.

کەسوکاری کوژراوانی

حەشدی شەعبی لە کەرکووک جێگیر دەکرێن

کەسوکاری کوژراوانی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک جێگیر دەکرێن و پارچە زەوییەکیان پێ دەدرێت.

عەلی حوسێنی، بەرپرسی ڕاگەیاندنی میحوەری باکووری حەشدی شەعبی بە میدیاکانی عێراقی ڕاگەیاندووە، کەسوکاری کوژراوانی حەشدی شەعبی لە کەرکووک، «هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی شەهیدانیان دەبێت» وەک مووچەی خانەنشینی و وەرگرتنی پارچە زەوی.


عەلی حوسێنی هەروەها ڕایگەیاندووە، دۆسیەی دابەشکردنی زەوی بەسەر کەسوکاری کوژراوەکانی ئەو میلیشیایانە بۆ وەرگرتنی پارچەیەک زەوی، نێردراوەتە وەزارەتی شارەوانی.


دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 و داگیرکردنی شاری کەرکووک لەلایەن حەشدی شەعبی، پرۆسەیەکی فراوانی بەعەرەبکردن لە کەرکووک دەستی پێ کردووە و هەزاران خێزانی کورد دەرکراون و خێزانە عەرەبەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە ماڵەکانیان نیشتەجێ کراون.

دوای هەرەسهێنانی سوپای عێراق، زیاتر لە 60 میلیشیای تائیفی لەژێر ناوی حەشدی شەعبی و بە فەتوای ئایەتوللا عەلی سیستانی، مەرجەعی باڵای شیعەکانی عێراق دروست کران.

لە مانگی 6ی2014 نزیکەی دوو هەزار چەکداری ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش هێرشیان کردە سەر شاری مووسڵ و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا، هەرەسیان بە سوپای عێراق هێنا و زۆربەی ناوچەکانی پارێزگاکانی نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین و ئەنباریان داگیر کرد.

ئەمەریکا... لە ئەنجامی تەقەکردن لە فێستیڤاڵێکدا 15 کەس بوونە قوربانی





لە میانی بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵێکی خواردندا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا باشووری ڕۆژئاوای ئەمەریکا هێرشێکی چەکداریی ڕوویدا، بەپێی ئاماژە بەراییەکان لەو هێرشەدا، لانیکەم سێ کەس گیانیان لەدەستداوە و 12ی دیکەیش برینداربوون. بەپێی هەواڵی میدیای ئەمەریکا لە فێستیڤاڵی سیری Gilroy کە هەموو ساڵێک لە باکووری کالیفۆرنیا سازدەکرێت، هێرشی چەکداری ئەنجامدراوە.

بەرپرسانی ناوچەکە باس لەوە دەکەن کە بەپێی ئاماژە بەراییەکان لەو هێرشەدا، لانیکەم سێ کەس گیانیان لەدەستداوە و 12ی دیکەش بریندارببوون. دوا بە دوای ڕووداوەکە پۆلیس و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن ڕەوانەی شوێنەکە کران و بریندارانیان گواستراونەوە بۆ نەخۆشخانەکانی ناوچەکە.

باس لەوە دەکەن کە ئەنجامدەری هێرشەکە کوڕێکی سپی پێستی نزیکەی 30 ساڵان بووە و بە چەکی نیمچە ئۆتۆماتیکی تەقەی بە دەوری خۆیدا کردووە.

نەتەوە یەکگرتووەکان:

گەورەترین قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤ ئافرەتانن



بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەدا 49ی قوربانیانی بازرگانی مرۆڤ لە سەر ئاستی جیهان ئافرەتانن، لەسەدا 23یان کچان، لەسەدا 21پیاوان و لەسەدا 7یش کوڕانن.

نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردووەتەوە و تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە 30ی تەموزی 2013وەک "ڕۆژی جیهانی بەرەنگاری بازرگانی مرۆڤ"دیاری کراوە بەمەبەستی پاراستنی مافی ستەملێکراوان و هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە.

لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە ڕاپۆرتی جیهانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و ئۆفیسی تاوان و مادەی هۆشبەری نەتەوە یەکگرتووەکان کراوە کە باس لەوە دەکات زۆربەی قوربانیانی بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە ئافرەتانن.

بەپێی ڕاپۆرتەکە زۆرترین ڕێژەی قوربانییەکان لە بواڕەکانی بەزۆر کارپێکردن، کۆیلەی قەرز، خزمەکردنی نایاسایی و بواری سەربازیی زۆرەملێ و دەستبەسەرداگرتن و بەکارهێنان لەبواری سێکسدا خۆی دەبینێتەوە.

ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە لەسەدا 59ی قوربانیەکان لە بواری سێکسدا بەکاردەهێنرێن، لەسەدا 34یان بەزۆر کاریان پێ دەکرێت.

هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتە، لە 15 ساڵی دواییدا دەرکەوتووە کە لەسەدا 70ی قوربانییەکانی بازرگانی مرۆڤ ئافرەتانن (ژنان و کچان). لە ساڵی 2016دا لەسەدا 82ی ژنان لەبواری دەستبەسەرداگرتن و بەکارهێنانی لە سێکسدا، لەسەدا 83ی قوربانیانی دەستی بازرگانی مرۆڤ لەبواری بەزۆر کارپێکردن لە ئەفریقای باشوورن.

هاوۆڵاتییەکی کورد لە ژێر ئەشکەنجەی هێزە ئەمنییەکانی ئێران گیانی لەدەست دا

ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە کە هاوۆڵاتییەکی خەڵکی شاری دێولان کە لەلایەن هێزە ئینتزامییەکانی شاری سونقورەوە دەستبەسەر کرابوو، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست داوە.

ڕێکخراوی هەنگاو ڕایدەگەیێنێت هاوۆڵاتییەکی خەڵکی گوندی «حاجیاوا»ی دێولان بە ناوی "بەهمەن مورادی" لەلایەن هێزەکانی ناوەندی بەرگری لە ماددە سڕکەرەکانی شاری سونقور لە پارێزگای کرماشان دەستبەسەر و هەمان ڕۆژ لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست داوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی مورادی لەو بارەوە بە هەواڵنێری ڕێکخراوی هەنگاوی ڕاگەیاندووە کە، ناوبراو لە حاڵێکدا لەلایەن هێزەکانی ناوەندی بەرگری لە ماددە سڕکەرەکان دەستبەسەر کراوە کە ئۆتۆمبێلەکەی باری سەتەلایتی تێدا بووە.

ئەو سەرچاوەیە لە دریژەدا گوتوویەتی، بەهمەن مورادی لەلایەن خودی سەرۆکی ناوەندی بەرگەی ماددە سڕکەرەکانی سونقور بە ناوی ئیرەج کاکاوەند کوژراوە و ڕۆژی دواتر براکەیان بە ناوی «فەرامەرز» بانگ کردووە و پێیان ڕاگەیاندووە کە بەهمەن خۆی کوشتووە.

بەڵام دوای بەدواداچوونی فەرامەرز پزیشکی یاسایی ڕایگەیاندووە کە بەهمەن لەژێر ئەشکەنجەدا کوژراوە و هەر بۆیەش ناوەندە ئەمنییەکان فەرامەرزیان بانگ کردووە و هەڕەشەیان لێکردووە کە نابێت ئەو باسە میدیایی بیتەوە.

ڕێکخراوی هەنگاو دەیشڵێت: لە ماوەی مانگی ڕابردوودا ئەمە دووەمین حاڵەتی کوژرانی هاوۆڵاتیان لە ژێر ئەشکەنجەی ناوەندی پێشگیری لە ماددە سڕکەرەکان لە شاری سونقورە کە تۆمار کراوە.

دکتۆر جەمال نەبەز هەمیشە لە نێو گەلەکەیدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە







خەبات–ساسان دەرویش

لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیا، باخچەی لاپەڕەکانی میژووی خۆیان بە گوڵی ڕەنگاوڕەنگی کەسایەتییەکانیان دەڕازێننەوە و بۆن و بەرامیان لە کار و کردەوەکانیان و خزمەتەکانیان بۆ نەتەوە و نیشتیمان دەکەنە دیاری نەوەکانی دوای خۆیان. شەقام و کۆڵان و گۆڕەپانە سەرەکییەکان دەکەنە ناویان و پەیکەری جوانیان بۆ دادەنێن بۆ ئەوەی لەبەر چاوان بن تا لە بیر نەکرێن و لە خاوەندارێتی بنەماڵەوە دەبنە موڵکی گشتی و سالانەش گەنجان و لاوانی وڵات، تاجەگوڵینەی ڕێزگرتنیان بۆ دادەنێن لەپای گەورەیی و خزمەتەکانیان.

ئێمەی نەتەوەی کوردیش بەدەرنین لە کەسایەتیی گەورەی نیشتمانپەروەر و خۆنەویست و خزمەتکاری گەلی خۆیان، یەکێک لەو گوڵە گەشاوانەی باخچەی لاپەڕەکانی میژووی کوردستان، پڕۆفیسۆر دکتۆر جەمال نەبەز، وەک قەڵەمێکی خۆشڕەوان بۆ زمان و ئەدەبیاتی کوردی، لە چەند ڕۆژێکی ڕابردوودا لە شاری سلێمانی لەنێو حەوشەی هۆتێل فەرەح لەنێو بازاڕی شاردا بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە هاوبیران و دۆستان و ڕۆشنبیران و خەڵکی شار لە مەراسیمێکی شایستەدا لە 27ی تەمموزی 2019 ڕێورەسمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری زانای نێودواری کورد پڕۆفیسۆر جەمال نەبەز لادرا، کە تیایدا لەلایەن ئامادەکاری ڕێورەسمەکە دەوەن مەعروف، گوتارێکی پێشکەشکرد و لە گرنگی پەیکەرەکە و شوێنەکە دوا.

دواتر لەلایەن خوشکی جەمال نەبەز و چەند کەسایەتییەکی ئامادەبوو، پەردەکە لە ڕووی لادرا و لە کۆتایشدا خاتوو نیعمەت تۆفیق لە گوتەیەکدا وەک سوپاسی ئامادەبووانی کرد و گوتی ئاخری خەمی کوردستان بێ و هەر جەمال نەبەزیان لەبیر بێت، ئەوەی شایانی باسە پەیکەرەکە بە دەست و پەنجەی ڕەنگینی هونەرمەندی پەیکەرسازی بە توانا و ئەزموندار چینەر نزار دروستکراوە و خاتوو نیعمەت تۆفیق خوشکی جەمال نەبەز، ئەرکی خەرجی جێبەجێکردنی گرتووەتە ئەستۆی خۆی و لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیری گەنج و دۆستی نزیکی جەمال نەبەز و خانەوادەکەیان دەوەن مەعروف وەک هەڵسوڕاوێکی نێو ئەم ئامادەکارییە دیار بوو، بۆ زانیاریش هۆتێل فەرەج کە پەیکەرەکەی لە ئامێزی خۆی گرت، دیاری و موڵکی بنەماڵەی ڕەوانشاد مامۆستا جەمال نەبەز و سەرجەم خوشکەکانی بوو بۆ شاری سلێمانی کە بکرێت بە مۆزەخانەی کەلەپوری لە سلێمانی و لە ساڵی 2006 ئەم دیاریەیان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی کرد، ئەمەش یەکێکە لە دیاریە جوانەکانیانە بۆ شاری سلێمانی لەگەڵ ئەو خانووەی کە لە نزیکی ئەسحابە سپیەیە و لە نۆژەنکردنەوەیدان بۆ بوونی بە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی و هەڵگری بەها پیرۆزەکانی مامۆستا جەمال نەبەز بێت.

جەمال نەبەز لە ڕۆژی 8ی مانگی 12 ساڵی ڕابردوو لە تەمەنی 85 ساڵیدا لە شاری بەرلین پایتەختی ئەڵمانیا کۆچی دواییکرد و لە ڕۆژی 22ی هەمان مانگدا تەرمەکەی گەڕێندرایەوە شاری سلێمانی و لە گردی شێخ مارف بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

لە کۆتایشدا جێگای خۆیەتی سوپاسێکی پێ پایانی نووسەری گەنج و لێهاتوو دەوەن مەعروف بکەم کە ئەم ساڵ لە مانگی نیسان کە بۆ یادی 60ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات گەڕابوومەوە بۆ کوردستان و دەرفەتێکی پڕ لە بەهای بۆ خۆم و زانیار سەردار قرگەیی نووسەر و ڕۆژنامەنووس سازکردین بۆ دیدەنیکردنمان بۆ لای خاتوو نیعمەت خوشکی ڕەوانشاد جەمال نەبەز و دواتر ئەو خانووەی نیشاندین کە ڕەوانشاد جەمال نەبەزی تیایدا ژیاوە و کاژێکنامەی تیایدا نووسیوە، لە داهاتوویەکی نزیکیشدا دکرێتە مۆزەخانە، هەروەها هەموومان سەردانی مەزارگاکەیمان کرد لە گۆڕستانی شێخ مارف و ڕۆحمیان شاد کرد بە دانانی گوڵ بۆ ڕۆحی پاکی ئەو گەورە نووسەر و ڕۆشنبیرەی کورد.



لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هونەرمەندێک بە لێدانی 100 قامچی سزا درا

هونەرمەندێکی کورد کە لە گرتووخانەی ورمێ ڕاگیراوە، لەلایەن دەزگای دادوەریی ئێرانەوە بە لێدانی 100 قامچی سزا درا. ئەرسەلان یارئەحمەدی سەرۆکی ڕێکخراوی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ، بە خەباتی ڕاگەیاند حوکمی لێدانی 100 قامچیی "پەیمان میرزازادە" هونەرمەندی لاوی خەڵکی ورمێ لە یەکێک لە دادگاکانی ئەو شارە جێبەجێ کراوە.

ئەو هونەرمەندە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو بە تۆمەتی خوێندنی سروودی شۆڕشگێڕانە و لەبەرکردنی جلوبەرگی خەباتکارانی کورد، حوکمی 2ساڵ بەندکران و لێدانی 100 قامچی بەسەردا سەپابوو.

پەیمان میرزازادە کوڕی نووردین و دانیشتووی گوندی "گەنگەچین"ی ورمێ، پاییزی 2017 دەستبەسەر و دواتر حوکمی شەش مانگ بەندکرانی بەسەردا سەپا و بەهاری ساڵی ڕابردوو دوای تەواوبوونی حوکمەکەی لە بەندیخانە ئازاد کرابوو.



باکووری کوردستان.. بەبۆنەی نزیکبوونەی جەژنی قوربان.. بازاڕی ئاژەڵان گەرم بووە

هێشتا زیاتر لە 7 هەزار روفاتی دیکە ماوە بۆ ئەوەی بهێنرێنەوە کوردستان

دیندار زێباری: پێویستە تیمی یونێن و حکوومەتی هەرێم بە هاوبەشی گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدەنەوە

داواکارین کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانیانی تیرۆر لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە قەرەبوو بکرێنەوە



لە دوای پێکهێنانی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەرۆکایەتی کەریم ئەحمەد خان راوێژکاری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (یۆنیتاد) بۆ پتەوکردنی لێپرسینەوە لە تاوانەکانی داعش و پێشکەشکردنی راپۆرتی خۆی دەربارەی کارەکانی لە رۆژی 2019/7/15 لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، و لە بەردەوامی هەوڵە هاوبەشەکان تیمی نیشتمانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کە پێکدێت لە دەزگای شەهیدی حکوومەتی فیدرالی و نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێم لە شاری سەماوە دەستی کرد بە هەڵدانەوەی گۆڕێکی بە کۆمەڵ کە بۆ سەردەمی ئەنفالی سالانی کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە و رووفاتەکانی ناو گۆڕەکە کوردن و خەڵکی ناوچەی گەرمیانن.

لەم بارەوە د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشکەش کردنی زانیاری و هاوکاری کردنی تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان (یۆنیتاد) لە دیکیۆمێنت کردن و پێشکەش کردنی بەڵگە لەسەر تاوانەکانی داعش دەرهەق بە کوردانی ئێزیدی و گشت پێکهاتەکانی ناوچەکە، سەرەڕای ئەمەش پێویستە نەتەوەیەکگرتووەکان حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشێکی سەرەکی ببینێت لەم پرۆسەیەدا.

لەلایەکی ترەوە دیندار زێباری تیشکی خستە سەر ئەو تاوانانەی دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجامدراون و گوتی: گەلی کوردستان بە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان قوربانیی یەکێک لە گەورەترین تاوانەکانی مرۆڤایەتی ئەویش ئەنفال و شوێنبزرکردنی زۆرەملێیە لەوانە کوردانی فەیلی و ئەنفالکردنی هەشت هەزار بارزانی و سەد و هەشتا و دوو هەزار کەس لە گەرمیان و بادینان، دوای ڕوخانی رژێمی بەعسیش ئەم تاوانانە دەرهەق بە گەلی کوردستان بە شێوازی جیاجیا بەردەوام بوون و لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر ڕفاندنی هەزاران کوردی ئێزیدی گەیشتە لوتکە، حکوومەتی هەرێم هەوڵیداوە هەڵوێستێن بۆ گۆڕە بە کۆمەڵەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە بیابانەکانی سەماوە گۆڕێکی دیکەی کۆمەڵ هەڵدرایەوە بە هەماهەنگی نێوان دەزگای شەهیدی حکوومەتی فیدرالی و نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکوومەتی هەرێم و ICMP کە لێژنەیەکی نێودەوڵەتی تایبەتە بە کاروباری شوێنبزربووان.

لەبارەی هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ سەلماندنی ئەم تاوانانە، دیندار زێباری گوتی: حکوومەتی هەرێم هەوڵەکانی لە زۆر ڕووەوە دەستپێکردووە لەوانە پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەتی لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە لە ڕێکەوتنی 2014/11/25 بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی کەیسی ئەو کورد ئێزیدیانەی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە ڕفێنردراوان، بە مەبەستی ئازادکردنیان و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆیان و دووبارە شیاندنەوەیان، لەلایەکی دیکەوە دەستەیەک دامەزراوە بۆ دۆزینەوەی بەڵگە دەربارەی تاوانەکان داعش، هەروەها لێژنەیەکی دیکە دامەزراوە بۆ بە کیلۆمەتری چوارگۆشە، تا ئێستا بە دوو قۆناغ 596 ڕووفات هێنراونەتەوە لە ساڵانی 2005 و 2014 لە قۆناغی یەکەم لە ساڵی 2005دا 603 ڕووفات هێنرانەوە، لە ساڵی 2014شدا 93 ڕووفاتی دیکە هێنراونەتەوە، هێشتا زیاتر لە 7هەزار روفاتی دیکە ماوە بۆ ئەوەی بهێنرێنەوە کوردستان، سەبارەت بە گۆڕە بە کۆمەڵەکانی ئێزیدییەکانیش کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە زیندەبەچاڵ کراون تا ئێستا 80 گۆڕی بە کۆمەڵ و دەیان شوێنی گۆڕی تاکەکەسی دۆزراونەتەوە و ژمارەیەک لە گۆڕانە هەڵدراوەنەتەوە، جگە لەم گۆڕە بە کۆمەڵانە داعش 68 مەزارگە و شوێنی ئایینی ئێزیدیان خاپوور کردووە.

لە کۆتایی لێدوانەکەشیدا زێباری ئاماژەی بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیانی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس کرد و گوتی: لە هەرێمی کوردستان لێژنەیەکی تایبەت دامەزراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی دەستی ڕژێمی سەدام لە نێوان ساڵانی (1961 تا 2003)بە پشت بەستن بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان کە ئەم تاوانانە دەگرێتەوە (کوشتن، بریندار بوون، ڕاگواستن، شوێنبزرکردن، جینۆساید، تێکدانی ماڵ و گوند و شار، بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو)، هەروەها داواکارین لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانیانی تیرۆر بەپێی برگە دووی ماددی(132)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق قەرەبوو بکرێنەوە.



سەرۆکی ئەمەریکا جۆن ڕاتکلیف دەکاتە بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە داواکاری گشتیی پێشوو و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لەسەر لیستی کۆماریيەکان، جۆن ڕاتکلیف دەکاتە بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی. ترەمپ لە توێتێکدا سەرنجی خستە سەر ئەوەی بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی، دان کۆتس لە 15ی ئاب دەستەکاردەکێشێتەوە، سوپاسی ناوبراویشی کرد بۆ خزمەتەکانی و ئاماژەی بەوەیشدا کە لەم نزیکانەدا ناوی ئەو کەسە ئاشکرا دەکات کە لە بری ئەو ئەرکەکان بە وەکالەت ڕادەپەڕێنێت. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕایشیگەیاند کە داواکاری گشتیی پێشوو و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمەریکا لەسەر لیستی کۆماریيەکان، جۆن ڕاتکلیف دەکاتە بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی، دان کۆتس لە 15ی ئاب دەستەکاردەکێشێتەوە، سوپاسی ناوبراویشی کرد بۆ خزمەتەکانی و ئاماژەی بەوەیشدا کە لەم نزیکانەدا ناوی ئەو کەسە ئاشکرا بە تایبەت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمەریکا لە 2016 لە بارەی هەوڵەکانی ڕووسیا بۆ دەستەوەردان لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا لە ڕێگای هێرشی سایبەرەوە؛ لێدوانی گرنگی دابوو.

نزیکەی دوو ساڵ کۆتس بەڕێوەبەری ئەو دامەزراوەیە بوو و لە دەسپێکی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی ئەگەری دەستوەردانەکانی ڕووسیا لە هەڵبژاردنەکەی ئەمەریکا ئەو کەسە بوو کە ڕایگەیاند ناوەندی هەوڵی دەستوەردانەکە لە مۆسکۆوە بووە.

ئەمەریکا پێشنیازێکی ئێرانی بۆ ڕێککەوتن ڕەتکردەوە

عەباس موسەوی گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند: ئێمە پێشنیازێکمان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد بۆ ئەوەی ئەمساڵ پڕۆتۆکۆڵێکی دیکە واژۆ بکەن کە وابپیارە پەرلەمانی ئێران لە ساڵی 2023 دەنگی لەسەر بدات، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا ئەمەریکا هەموو سزاکانی سەر ئێران هەڵبگرێت، موسەوی ئاماژەی بەوەشداوە کە پێشنیارەکەیان لەلایەن ئەمەریکاوە ڕەتکراوەتەوە. موسەوی هاوکات گوتیشی: کارکردنەوەی (ئینستکس) "دارایی ئەورووپا بۆ مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران" ئامانجی گەورە و بنچینەیی نییە، بەڵکو پێشەکییەکە بۆ پابەندییەکانی ئەورووپا.

هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە کە دەستەبەرکردنی ئاسایشی ناوچەکە و کەندار و گەرووی هورمز سەرناگرێت کە لە ڕێگای هاوکاری وڵاتانی ناوچەکەوە نەبێت و دەستێوەردانی وڵاتانی ئەورووپا و هاوپەیمانیەتی سەربازی ئەو وڵاتانە بۆ پارێزگاریکردن لە دەریاوانی لە گەرووی هورمز لە ناوچەکە دەبێتە هۆی تێکچوونی ئارامی و سەقامگیری کەندار. جێی باسە کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی 1970 بە فەرمی بوو بە ئەندامی پەیمانی ئێن پی تی کە ڕێگری لە زیادبوونی چەکی ئەتۆمی دەکات. هەروەها لە ساڵی 1997 وڵاتانی ئەندامانی ڕێگری لە زیادبوونی چەکی ئەتۆمی پڕۆتۆکۆڵێکی نوێیان واژۆ کرد بەمەبەستی بەهێزکردنی ڕۆڵی وەکالەتی نێودەوڵەتی ئێن پی تی بۆ پشکنینی سەربازی و شوێنی چەکی ئەتۆمی.

سوودان.. تا ئێستا 184 خۆپیشاندەر و کارمەندی ئەمنی کوژراون

وەزارەتی تەندروستی سوودان، نوێترین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی ئەو کەسانە بڵاوکردەوە کە لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا، کوژراون. لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستی سوودانداهاتووە "لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادانەکانی نێوان خۆپیشاندەران و هێزە ئەمنییەکاندا لە 19ی کانوونی یەکەمی 2018 تا سەرەتای ئەم مانگە، 184 خۆپیشاندەر کوژراون.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە بریکاری وەزارەتی تەندروستی سوودان، سلێمان عەبدولجەبار ڕایگەیاندووە کە لەو ژمارەیە کوژرانی 154 خۆپیشاندەر و کارمەندی ئەمنی لە خەرتوم و 30ی خۆپیشاندەر و کارمەندی دیکەی ئەمنی لە چەند ویلایەتێکی دیکە تۆمارکراوە.



هێزەکانی ڕاگەیاندنی ئازادی و گۆڕان ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنی سەربازیی ڕاگوزەر بەرپرسە لە کوژرانی دەیان خۆپیشاندەر بە تایبەتیش ئەو خۆپیشاندەرانەی کە لە میانی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندانەکانی بەردەم بارەگای فەرماندەیی سوپا لە خەرتوم کوژراون.

گومان دەکرێت سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی ڕووسیا ژەهرخوارد کرابێت



دکتۆر ئاناستاسیا ڤاسیلییڤا ڕایگەیاند، چالاکوانی ئۆپۆزسیۆنی ڕووسی، ئەلێکسێی ناڤالنی لەو ماوەیەی لە بەندینخانەدایە ئەگەری هەیە ژەهرخوارد بکرێت. دکتۆر ئاناستاسیا ڤاسیلییڤا لە ڕاگەیەندراوێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئاماژەی بەوەداوە کە دڵنیابوون ئەلێکسێی ناڤالنی پێشتر هیچ نەخۆشییەکی هەستیاری نەبووە و لە بەندینخانە لە هەمان نانی بەندکراوانی تری خواردووە. دکتۆر ئاناستاسیا ڤاسیلییڤا ئاماژەی بەوەدا کە ڕێگە نادەن لە نەخۆشخانە چاودێری ئەلێکسێی ناڤالنی بکرێت و تەنها مۆڵەتیان بەخۆی داوە ببینێت تاکو دۆخەکەی پێ بڵێت و گوتی: ناتوانین ئەوە پشتگوێ بخەین کە ئەگەری هەیە بەیارمەتی کەسانی سێیەمەوە و لە ڕێگەی ماددەی کیمیاییەوە ناوبراو ژەهرخوارد بکرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەفتەی ڕابردوو چالاکوانی ئۆپۆزسیۆنی ڕووسی، ئەلێکسێی ناڤالنی بە هۆی هەڵناوسانی ڕووی، سوورببوونەوەی پێستیەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرابوو.

دەزگایەکی هەواڵگری عێراقی:

ئەبوبەکر بەغدادی لە سووریایە

شانەی هەواڵگری هەڵۆکان سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق ڕایگەیاند کە ئەبو بەکر بەغدادی لە سووریا خۆی حەشاردواوە و هێشتا هەژموونێکی بەهێزی لەناو ڕێکخراوەکەدا هەیە.

سەرۆکی شانەی هەواڵگری هەڵۆکان، ئەبو عەلی بەسری لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی نیمچەفەرمی "ئەلسەباح" نوێترین زانیاری سەبارەت بە خۆحەشاردانی ئەبو بەکر بەغدادی خستەڕوو.

ئەبو عەلی بەسری گوتی: هەر چەندە داعش لە عێراق و سووریا شکستی پێهێندراوە، بەڵام هێشتا تاوانبار ئیبراهیم سامەرائی ناسراو بە ئەبو بەکر بەغدادی کە لەئێستادا لەگەڵ یاریدەدەرە عەرەب و بیانییەکانی لە سووریا خۆیان حەشاردارە، مەترسیدارن. سەرۆکی شانەی هەواڵگری هەڵۆکان، ئەبو عەلی بەسری وەبیرهێنایەوە کە کاری لەپێشینەی ئەبو بەکر بەغدادی لە ماوەکانی ڕابردوودا، زیاتر چۆنیەتی بەڕێەڕچدانەوەی هەڕەشەکانی هەواڵگری، هەروەها پاراستنی ڕێکخراوەکەی بووە.

ئەبو عەلی بەسری گوتیشی: هێشتا ئەبو بەکر بەغدادی هەژموونی بەهێزی لەناو ڕێکخراوەکەیدا هەیە، هەروەها هەندێک گۆڕانکاری لە ڕێکخراوەکەیدا کردووە بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە تیرۆریستێکی زۆری داعش لە میانی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا لە سووریا، ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی نەینەوا، ئەنبار، سەلاحەددین و ناوچەکانی دیکەی عێراق کوژران.

سەرۆکی شانەی هەواڵگری هەڵۆکان، ئەبو عەلی بەسری سەبارەت بە تەندروستی ئەبو بەکر بەغدادی ئاشکرای کردووە: ئەبو بەکر بەغدادی لە ماوەکانی ڕابردوودا لە میانی ئۆپەراسیۆنێکی هێزەکانی شانەی هەواڵگری هەڵۆکان کە بە هەماهەنگی هێزی ئاسمانی کرابووە سەر کۆبوونەوەیەکی یاریدەدەرانی لە ناوچەی هەجین باشووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دێرازۆر، پارچە مووشەک بەر بڕبڕەی پشتی کەوتبوو، بەهۆیەوە ئیفلج بووە.

ماوەیەک لەمەوبەر، سەرکردەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، ئەبو بەکر بەغدادی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییەدا کە ماوەکەی 18 خولەک بوو دەرکەوت و تیادا باسی لە شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان تیرۆریستانی ڕێکخراوەکە و هێزە ئەمنییەکان لە عێراق و سووریا کرد.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پێشوازی لە شاندێکی پارتی ئازادی کوردستان PAKی باکووری کوردستان کرد



بۆ بایەخدان بە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی ئازادی کوردستان باکوور، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارچەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە قاسم ئەرگون جێگری سەرۆکی گشتی پارتی ئازادی کوردستان لە باکور PAKو شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا ڕەوشی ناوچەکە و پرۆسەی سیاسی لە باکوور و تورکیا بەگشتی باسی لێوەکرا، هەر لەو دیدارەدا وێرایی باسکردن لە هەنگاوەکانی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی کوردستان و کاریگەرییەکانی دواکەوتنی ئەم پرۆسە لەسەر باشوور و هەموو پارچەکانی تری کوردستانن شاندی میوان پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، هاوکات باسیان لە سەقامگیری و ئاسایشی کوردستان و شاری هەولێر کرد کە بووەتە جێگای شانازی بۆ هەموو کوردێک لە شوێنێکی دونیادا، هەر لەو دیدارەدا باس لە هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولا و هەنگاونان بۆ پاراستنی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و تایبەتمەندی واقیعی سیاسی لە لەهەر پارچەیەک باسی لێوەکرا، هەروەها شاندی میوان تەئکیدیان کردەوە ڕێبازی بارزانی ڕێبازی کوردایەتی و نەتەوەیی ڕێبازی مەیە شانازی بەم برایەتی و پارتی ئازادی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین، لە کۆتایی دیدارەکەدا عەلی حوسێن هەلوێست و ڕۆلی هەموو ئەو کەسایەتی و پارتە نەتەوەیی نیشتیمانیانەی کە خەبات بۆ گەلەکەی دەکات و خزمەت بە پرۆسەی دیموکراسی و ئاشتی برایەتی دەکات جێگای بایەخ و ستایشی ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان.

چەند خولێک بۆ پەرلەمانتارانی کوردستان و ڕاوێژکاران و ستافی لیژنەکان بەڕێوەچوو



سەعات 11ی پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 29/7/2019بەسەرپەرشتیی د. ڕێواز فائق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا نەبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و ئامادەبوونی کۆنسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاریی سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەورووپی ETTC بڕوانامەی بەسەر بەشداربووانی هەردوو خولی مافی مرۆڤ و پەیاننامەی ئەورووپی و بەشداریی هاووڵاتی و مافی پێکهاتەکان و خولی پڕۆتۆکۆل و ئەتەکێتی پەرلەمانی کە بۆ پەرلەمانتارانی کوردستان و ڕاوێژکاران و بەشێک لە ستافی لیژنەکانی پەرلەمان ڕێکخرابوو، دابەش کرا.

سەرەتای مەڕاسیمەکە بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمانی کوردستان کورتەباسێکی سەبارەت بە ئەرک و چالاکییەکانی سەنتەرەکە لەماوەی ڕابردوودا پێشکەش کردو سوپاسی بەشداربووانی خولەکانی کرد کەژمارەیان 79کەسە و لە ماوەی پێنج ڕۆژدا خولەکانیان بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە. پاشان لەلایەن کۆنسوڵی گشتیی ئەڵمانیا لە هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەورووپی ETTC? وتاری بەخێرهێنان و سوپاسگوزاری پێشکەش بەئامادەبوانی مەڕاسیمەکە کرا. پاشان لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان و کۆنسوڵی گشتیی ئەڵمانیا و سەرۆک و یاریدەدەری سەرۆکی دیوانی پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسی سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری سەنتەری تەکنەلۆژیا و ڕاهێنانی ئەورووپی بڕوانامەی بەشداربوونی خولەکاندا دابەش کرا.

هەولێر.. خولێکی ڕۆشنبیری بۆ ئەندامان و کادیران بەڕێوەچوو



خەبات:

لە درێژەی چالاکییەکانی لیژنەی ناوچەی ئازادی خولێکی پانزدە ڕۆژی بۆ ئەندامان و کادیرانی لیژنە ناوچەکە بەڕێوەچوو ،لەمبارەیەوە مەحمەد عزەت بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئازادی بە ڕۆژنامەی خەباتی ڕاگەیاند: خولەکە 15ڕۆژ دەخایەنیت و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و کادیرانی ناوچە بەشداریان تێدا کردووە.

گوتیشی: خولەکە تایبەتە لە سەر ژیانی بارزانی نەمر و دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە 16ی ئاب لە سەر دەستی بارزانی نەمر دەمەزێندراو لەگەڵ کۆمەلێک بابەتی ڕۆشنبیری و سیاسی تر.

لە لایەن خۆشیەوە ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دووو لە مەراسیمی دابەشکردنی خەلات وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا دەستخۆشی لە بەشداربووانی خولەکە کرد و سوپاسی ئامادەبوانی کرد. دواتر بەرپرسی لیژنەی ناوچەی ئازادی، سوپاسی بەرپرسی لقی دووی کرد بۆ بەشداری کردنیان و دواتر خەلات و دیاری بەسەر بەشداربووان دابەش کرا.

بەرپرسێ لقێ 9 پێشوازیا ئەندامێ سەرکردایەتیا حزبا سوشیالیستا دیموکراتا کوردستانێ کر



بەرپرسێ ڕاگەهاندنا نقیسینگەها بەرپرسێ لقێ 9 بو خەبات گوت: لدرێژەدان ب سەرەدانا لایەنێن سیاسی و بو موکمکرنا پەیوەندیان، هەڤال موسلح ڕەجب ئاکرەیی ئەندامێ سەرکردایەتیا حزبا سوشیالیستا دیموکراتا کوردستانێ، سەرەدانا بارەگایێ لقێ 9دا و ژبال سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9و کارگێریا لقێ ڤە هاتە پێشوازیکرن، و دتەوەرێ ڕۆینشتنەکێ دا بەرپرسێ لقێ 9ئاماژە دا هندێ کو فەرە ئەڤرۆ پتر هەمی ڕۆژەکێ گەلێ کوردستانێ و ب هەمی لایەنێن سیاسی یێن خوڤە دئێکگرتی بن و خودانێ ئێک گوتارا سیاسی بن تاکو بکارین مفایی ل ڤان گورانکاریێن کو چاڤەرێنە بهێنە کرن لێس وەربگرین، دیسان ئاماژە دا ڕۆلێ حزبا سوشیالیستا دیموکراتا کوردستانێ و نەمازە ڕۆلێ سکرتێرێ وێ هەڤال حەمەی حاجی مەحمود ل بەرەڤانیکرنێ ل دژی شەرێ تیرۆریستێن داعش و هەروەکی جەنابێ سەروک بارزانی ژی کو ب نمونێ قارەمانیێ پەسنا وی کری و موکمکرنا هەڤبەندییێن پارتی دیموکراتی کوردستانێ و حزبا سوشیالیستا دیموکراتا کوردستانێ کر، دتەوەرەکێ دی بەحسێ هەلبژارتنا سەرۆکێ هەرێما کوردستانێ و سەروکێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و پێکئینانا کابینەیا نەهێ هاتە کرن و هەردوویان ژی خویا کرن کو فەرە ئەم هەمی پالپشت و هاندەربن تاکو بەرەڤ کوردستانەکا بهێز پێنگاڤا بهاڤێژین، ئەڤە ئەندامێ سەرکردایەتیا حزبا سوشیالیستا دیموکراتا کوردستانێ سوپاسیا بەرپرسێ لقێ 9و کارگێریا لقێ 9کر بو وێ پێشوازیێ.

ژ ئالیەکێ دیڤە فازل بەشارەتی بەرپرسێ بەرێ یێ لقێ 12هەلبجە و ئەندامێ خولا سێیێ یێ پەرلەمانێ کوردستانێ سەرەدانا بارەگایێ لقێ 9دا و ژبال بەرپرسێ لقێ 9و کارگێریا لقێ ڤە ب گەرمی هاتە پێشوازیکرن و دروینشتنەکێ دا هەردوویان بەحسێ بارودوخێ ئەڤرویێ دەڤەرێ و عیراقێ و هەرێما کوردستانێ و دامەزراندنا کابینەیا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ کر.

کار بۆ خزمەتکردنی حاجییانی کوردستان دەکرێت



خەبات – حەمە ئەحمەد جاف: بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە ڕەوشی سەلامەتی حاجییان و کاری لیژنە تایبەتییەکانی ئیداری و پزیشکی سەبارەت بە زیاتر خزمەتکردنی حاجیانی کوردستان، شێخ قاسم بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرەی کوردستان دوای گەیشتنی بە شاری مەککەی پیرۆز، بە ئامادەبوونی سەید عوزێر بەڕێوەبەری حەجی پارێزگای هەولێر لە هۆڵی هوتێل ئیبراج 4?لەگەڵ سەرجەم فەرمانبەرانی ئیداری کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرەی کوردستان وێرای سوپاس و دەستخۆشی لە کاری ئیداری و پزیشکی لیژنە تایبەتییەکان بەمەبەستی کارئاسانی و هاوکاری حاجییانی هەرێمی کوردستان، سلاوی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی گەیاندە فەرمانبەران سەبارەت بە خەمخۆری و خزمەتکردنی حاجیانی کوردستان، شێخ قاسم بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرەی کوردستان دوای گەیشتنی بە شاری مەککەی پیرۆز، بە ئامادەبوونی سەید عوزێر بەڕێوەبەری حەجی پارێزگای هەولێر لە هۆڵی هوتێل ئیبراج 4?لەگەڵ سەرجەم فەرمانبەرانی ئیداری کۆبۆوە. لەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەری گشتی حەج و عەمرەی کوردستان وێرای سوپاس و دەستخۆشی لە کاری ئیداری و پزیشکی لیژنە تایبەتییەکان بەمەبەستی کارئاسانی و هاوکاری حاجییانی هەرێمی کوردستان، سلاوی وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی گەیاندە فەرمانبەران سەبارەت بە خەمخۆری و خزمەتکردنی زیاتر بە حاجیانی مالی خواو لە نزیکەوە چاودێریکردنیان. و هەندێ ڕێکارو ڕێنمایی تایبەت و پێویستی بە فەرمانبەران دا بە مەبەستی زیاتر خزمەتکردن بە حاجیانی کوردستان و دواتر سەرجەم لیژنە تایبەتییەکانی ئیداری و پزیشکی لە شوێنی کارکردنیان بەسەرکردەوەو هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن..

شایانی باسە ئەمساڵ 7000حاجی کورد دەعوەتی مالی خوا کراون و تا ئێستاش زیاتر لە 5000 حاجی گەیشتوونەتە عەرەبستانی سعودی بۆ بە جێهێنانی فەریزەی حەج، کە لەلایەن لیژنەی پێشوازی لە شارەکانی جەدە و مەککە و مەدینەوە پێشوازی دەکرێن و دەگەیەندرێنە شوێنی حەوانەوەی خۆیان.

جێگای ئاماژە کردنیشە جگە لە کاری لیژنە تایبەتییەکانی پێشوازی و ئیداری و ئیرشادی ئایینی، دوو لیژنەی پزیشکی تایبەت لە هەر دوو هۆتێلی ئیبراج و عەلەیان لە شاری مەککەی پیرۆز لە خزمەت حاجیانی کوردستاندان، کە لە لایەن وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی کوردستان، داندراون.

دوای تەواوبوونی قۆناغی یەکەمی پارەی جووتیاران 30 ملیار دیناری دیکە لە ڕێگایە

خەبات – سەید فاتیح بەرزنجی: نەوزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی هەرێم ڕۆونیکردەوە: دیارە حکومەتی عێراق بەشی یەکەمی پارەی گەنمی جووتیارانی ناردووە و دەست بە دابەشکردنی کراوە و بریتییە لە بڕی 15ملیار دینار پارەی ئەمسالّی گەنمی جووتیارانە و بڕیار وایە لە چەندین هەفتەی داهاتوودا بەشەکانی دیکەی پارەکە ڕەوانە بکات ئەویش بریتییە لە 30ملیار دینار و بۆ هەرپارێزگایەک 10ملیار دینار دابەش دەکرێت شایانی باسە ئەمسالّ بڕی 340هەزارتۆن گەنم لە جووتیاران وەرگیراوە و حکومەتی عێراق زۆر بە سستی پارەی گەنمی جووتیارانی کوردستان ڕەوانە دەکات و لەدوای هەفتەیەک پارەکە بە جووتیارانی شوێنەکانی دیکە دەدرێت، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان مانگێکی پێ دەچێت و جیاکاری لە نێوان جووتیارانی کوردستان و شارەکانی دیکەی عێراق دەکات و پارەی جووتیارانی شارەکانی عێراق زیاتردابەش دەکرێ و چەندین جار لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق قسەمان کردووەوئەوان بەڵێنەکانی خۆیان جێ بەجێ ناکەن دیارە بۆ هەرپارێزگایەک بانکێک تەرخانکراوە بۆ وەرگرتنی پارەکەو بەو شێوەیەیە: لە دهۆک لە بانکەکانی گارە و شێخان و لە زاخۆش بانکی خاپوور پارەی لێ دابەش دەکرێت و لەشاری هەولێریش بانکی حەمرین و لەشاری سلێمانیش بانکی بابان و بانکی ڕانیە و بانکی سەید سادق و بانکی کەلار و بانکی چەمچەماڵ پارەی لێ دابەش دەکرێ.

شێخان... کەسەکی گیانێ خو ژدەست دا



خەبات – ئالان شەهاب: دلشاد محەمەد بەرپرسێ بەشێ ڕاگەهاندنا هاتن و چوونا شێخان بە خەبات ڕاگەهاند: دوهی ڕۆژا دووشەمبی ڕێکەفتی 2019/7/29ل دەمژمێر 9:00ێ سپێدێ ل سەر جادا سەرەکی یا دناڤبەرا قەزا شێخان و کومەلگەها چرە دا ل نێزیک کومەلگەها مهەت ڕۆیدانەک ڕۆیدایە ژ جورێ لێگدان دناڤبەرا دوو ترومبێلێن بارهەلگر پیکاپ تویوتا دگەل تریلە مارسدس و دئەنجامێ قێ ڕۆیدانێ دا کەسەکی گیانێ خو ژدەست دا و زێدەباری زیانێن ئابووری ژی گەهشتن ترومبێلان.

www.xebat.net
ژمارە (5800) 2019/7/30 ساڵی شەشەم

کارەسات چییە..؟ جیاوازی لەگەڵ کێشە و قەیران چییە..؟

تێکەڵکردنێکی فراوان لەنێوان کارەسات و قەیران هەیە، وێڕای ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوان هەردوو وشەدا هەیە

قەیران بریتییە لەو شڵەژان و نارەزایەتییەی لە دەرەنجامی هەندێک ئاستەنگ دێتە پێشەوە، کە رێگر دەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکان



بەدواداچوون: سەردار حوسێن

بەبێ کردنەوەی کۆدی ئەو زاراوەو تێگەیشتنانەی بەشێوەیەکی بنەڕەتی حوکم دەکەن، ناتوانین بەشێوازێکی زانستیییانە قسە لەسەر بارودۆخێک بکەین کە پەیوەندی راستەوخۆی بە زانین و پشک و شایستەکانەوە هەیە، بیناکردنی بیرۆکەو دەرەنجامەکان کە پەیوەندی راستەوخۆیان بەو تویژینەوەیەوە هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا، خۆمان لەبەرانبەر گرنگی ئەو زاراوەو دەستەواژانەدا دەبینینەوە، کە ناتوانین چاوپۆشییان لێ بکەین.



لەرووی تێگەیشتن و هەستپێکردنی زۆرێک لە خەڵکی تایبەت و گشتیدا، قەیران وێنای ئەو دەرەنجامە دەکات کە بەهۆی هەڵەیەکی لەناکاو دێتە ئاراو کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر رەگەزە سەرەکییەکانی سیستەم دەبێت و هەڕەشەیەکی روون و ئاشکرایشە بۆ بارودۆخی ئەو سیستەمەی حوکم دەکات.

بۆ ئەوەی هەڵە لەنێوان کێشەو قەیران روو نەدات، بۆ نموونە دەڵێین: کێشە بریتییە لەو شڵەژان و نارەزایەتییەی لە دەرەنجامی هەندێک ئاستەنگ دێتە پێشەوە، کە رێگر دەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەهاش کێشە کاتێک بەرووبوونی دەرەکەوێت لەبەرانبەر بەدەستهێنانی دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی کار و چالاکییە جۆراو جۆرەکانماندا دەستەوەستان دەبین، ئەو کێشەیەش دەبێتە هۆکاری حاڵەتێکی نەخوازراو، دواتریش ئەو کێشەیە رەنگە ببێتە ئامادەکارییەک بۆ دروستبوونی قەیران، ئەگەر رێڕەوێکی ئاڵۆز و تێژی وەرگرت، کە پێشبینی دەرەنجامەکانی بە شێوەیەکی ورد، قورس و زەحمەت دەبێت، بۆیەش پێویستە بەوە دەکات کێشەیەی بەبێ چارەسەرکردن بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە دەبێتە کارەسات، کارەساتیش زۆرترین جار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی قەیران، کارەسات ئەو حاڵەتەیە کە بە کردەوە ڕوویداوەو دەبێتە هۆی زیانگەیاندن و وێرانکردنی ژێرخانی سەرچاوە مرۆیی یان مادییەکان و یاخود هەردووکیان، لە هەموو حاڵەتێکیشدا هۆکارەکانی کارەسات راستەوخۆن و دەکرێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا گەمارۆ بدرێن.

هۆکارەکانی کارەسات بریتین لە سرووشتی یان مرۆیی یان پیشەسازی یاخودیش هەموویان بەیەکەوە، لە کاتێکدا تێگەیشتن لە ململانێ و رکابەریکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا چڕ دەبنەوە، ئەوەیش راستەقینە یاخود خەیاڵی بێت، بەجۆرێک کە بەریەککەوتن لە ئامانجەکان یاخود بەرژەوەندی یانیش هەڵسوکەوت هەبێت، کە دەبنە هۆی ململانێ لەنێوان تاک و سەرکردەکاندا، وەهاش دەردەکەوێت کە باشترین شێواز بریتییە لە وتوویژ لە پێناو بەدیهێنانی چارەسەردا، چارەسەریش لە وتوویژدا بریتییە لە گەڕان بەدوای بەرژەوەندی هەردوولا.

کاتێک بارودۆخ زۆرتر گڕ دەگرێت، قەیرانەکان دەچنە قۆناغێکی نوێ، کە قۆناغی بەیەکدادانە، ئەوەیش لەوکاتەدایە کە لایەنە جیاوازەکان بۆیان قورس دەبێت بەرگەی گۆڕانکارییە نوێیەکان بگرن و بەشێوەیەکی تایبەت پلەی گەرمی قەیرانەکان بەرز دەبنەوە، کە توانای کۆنترۆڵکردنی لەدەست دەدات و ئاسان نابێت بەرگەی بگیرێت، ئێستا لەسەر ئێمە پێویستە ئەوانە لەیەکتر جیا بکەینەوەو دەستنیشانیان بکەین، لێرەدا لیستێکی درێژ هەیە کە هەموو ئەو تێگەیشتن و زاراوانە لەخۆی دەگرێت، کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە قەیران و بەڕێوەبردنی هەیە، کە کاریان وەک ئەو کلیلانەیە بۆ کردنەوەی دەرهاوێشتە و پێکدادانی واتا راستەقینەکانە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە دەستەواژەی قەیران و بەڕێوەبردنی بەوە گوزارشت بکرێت کە بریتییە لە: کۆمەڵێک شێواز و پێشنیار و دامەزراوە، کە کار لەسەر بڕیاردانی خێراو لۆژیکییانە دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەختی و گۆڕانکاری و حاڵەتی لەناکاوی دیاریکراو. ئامانجەکەشی ڕێگریکردنە لە فراوان بوونی چوارچێوەی قەیرانەکە، کە دەبێتە هۆی پێکدادان و ململانێکان و ڕاگرتنی ئەو قەیرانە تا نەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی کرداری، دەبێ ئەوەیش بڵێین کە ئەو زاراوانە زۆرینەیان ریشەیەکی میژوویییان هەیەو هەمووشیان پەیوەندیان بە میژووەوە هەیە، دەرکەوتنیشیان زیاتر پەیوەست بووە بە بەکارهێنانیان لەنێو دامەزراوە کارگێڕییەکاندا، وەک هەر تێگەیشتنێکی دیکەی نێو دامەزراوە کارگێڕییەکان، ئەو حاڵەتانەیش گەشەیان سەندە لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان لەنێوخۆدا، زانستی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان زانستی ڕاگرتنی هاوسەنگییە، کە ئەوەی دووەمیان واتای جوولەو ئاراستەکانی هێز دەدات، هەروەهاش خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە جیاوازەکان گەڕان بەدوای ئاسەوارەکانی لە هەموو بوارەکاندا، ئەوەیش ڕوویەکی دیکەی بەڕێوەبردنی قەیرانەکانە، کە تەواو پێچەوانەی ئەوانەی پێش خۆیەتی.

زۆرترین جار و لە پلەیەکی بەرزدا قەیرانەکان لە کاتی ناشیاودا سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە ئامادەنەبوونی بەرپرسی جێبەجێکردنی دەزگایەک لە چرکەساتێکی لەناکاوی مەترسیدار و قورسدا، کە ڕووبەڕووی ئەو دامەزراوەیە دەبێتەوە، کە واەدەکات مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەیرانە بۆ ئەو دامەزراوەیە زۆر قورس بێت، ڕەنگە بارودۆخی گشتیش بخاتە ئەوپەڕی مەترسی لە ڕووبەڕووبوونەوەو تەقینەوەدا، لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوەیش هەیە کە قەیرانەکە ترسناک بێت و بەجۆرێک داڕێژرابێت، کە پێویست بکات هەموو ڕێکارێک بگیرێتەبەر بۆ کارو چالاکی ڕۆژانەی ئەو دامەزراوەیە، تا لە سڕبوون بپارێزێت، ئەوەیش لەسەر هەر حاڵەتێک لەو حاڵەتانە پراکتیزە دەبێت، کە بەجۆرەها شێواز دەردەکەون، تا بتوانرێت وێنەکێشانی باشترین شێواز و دەستنیشانکردنی قەیرانەکەو تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی شێوازو چارەسەرییەکانی بە ئامرازگەلێکی زانستی و ڕاستەقینە تا ڕادەی رازیبوون سەرکەوتن.

ناکرێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە هاوکاریکردن لە چارەسەری کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و سەربازییەکان بەدی دەکرێت، هەروەهاش زیادکردنی کاری هاوبەش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییانەدا هاتوونەتە ئارا.

سوود له کتێبی (اداره الازمه بین نقطتی الغلیان والتحول) د. حسن البزار وەرگیراوە

کارەسات ئەو حاڵەتەیە کە بە کردەوە ڕوویداوەو دەبێتە هۆی زیانگەیاندن و وێرانکردنی ژێرخانی سەرچاوە مرۆیی یان مادییەکان، یاخود هەردووکیان

ناکرێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە چاکسازی لە هەناوی قەیرانەکانەوە سەرهەڵدەدات









سەکڤان هالو

مەرامی داگیرکارانی کوردستان و دەست و پێوەندەکانیان

دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان و دەست و پێوەندەکانیان لە نێو خوی کوردستاندا هیچ کات دڕێغیان نەکردووە و نایکەن لە دوژمنایەتی کردنی دوزی نەتەوەیی کورد، لەڕاپۆرتێکدا هاتووە، سوریا دەڵێت ئێمە کاتی خوی شازدە حزبمان دامەزراند تاکو هاوشانی ئێمە و بە وەکالەتی ئێمە سەنگەر لە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بگرن هەر لەو کاتەوەش تا ئەمڕو ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە لەم ڕوانگەوە و خزمەتێکی زۆریان بە ئێمە گەیاندووە بو سەرخستنی نەخشەو ئەجیندا سیاسەکەمان و هێشتاش ئەولاتر دەڕوات دەڵێت بە تایبەت دو حزبی سیاسی گەورەترین خزمەتیان بە ستراتژیەتی ئێمەیان کردووە.

بەڵێ بێگومان زور ڕاستە هەر دورنەڕوین تەنها لەم چەند ساڵانەی دواییدا بینیمان چۆن و بە چ شێوەیەک لە باشووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان سەنگەریان لە دۆزی ڕەوای کورد گرت و بوونە ڕێگر لە بەردەم بەرەو پێشڤەچوونی مەسەلەی کورد و ئاویان خستە ئاشی دوژمنانی کوردستان.

شایانی گوتنە ئەوەی دوژمنان پێیبیان نەکراوە و ناکرێت ئەمانە بە وەکالەت کردوویانە و لە کوێدا دوزی کورد هەنگاوێک بەرە وپێشەوە چوبێت لەوێدا بە هەمو هێزو توانایەکیانەوە سەنگەریان لە دوزی ڕەوای کورد گرتووە و زور دڵسوزانە ئەجیندای سیاس داگیرکەرانیان جێبەجێ کردووە و دەیکەن.

نازانم چ ناوێک پڕ بە پێستی خویانە لەم حزب و کەسانە بنێم، چونکە قیزەونترینی کەس و لایەنی سیاسی ئەوانەن کە پێش هەموو شتێک ویژدانی خویان فروشتووە بەو دەوڵەتە داگیرکەرانە کە بە درێژایی قوناغەکان تاکو ئێستا ملیۆنەها مرۆڤی کوردیان لەنێو بردووە و خاکی کوردستانیان وێران کردووە و بچووکترین مافی کوردیان نەسەلماندووە و ناسەلمێنن.

کەواتە لێردا سەنگەری کورد پەروەردان بەر لەوەی ڕوبەڕوبونەوەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بێت، دەبێ خائینان و خۆفروشەکانی نێوخوی ڕامالدرێن و چیتر نەهێڵن ئەم کۆیلە ڕێویانەی دەوڵەتەداگیرکەرەکانی کوردستان یاری بە چارەنوسی ئەم نەتەوە خێر لە خو نەدیوە بکەن.

لە کوتاییدا بە پێویست دەزانم تیشک بخەمە سەر ئەم ڕوداوەی ئەو دواییە کە بە شێوەیێکی بەرنامە بو داڕێژراو ئەنجام دراون مەرامی سیاسی دوژمنان و ناحەزان خوی لە ئەجیندایێکی سیاسی هاوتریب دا دە بینێتەوە کە ئامانج لێی دروستکردنی شەڕێکی نێوخوییە تاکو لەم ڕێگایەوە بتوانن ئامانجی خویان بپێکن بویە دەبێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە سەر بنەمای لۆژیک و ئەقلانییەت هەنگاو بهاوێژێت لە پێناو لابردنی ئەم لوغمە سیاسیانەی ئەم قوناغەشمان.

هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



مامۆستا ڕەوەر جەواد مستەفا ستێرەیی

جۆرەکانی دەستوور لەڕووی هەموار کردنەوەوە:

دەکرێت دەستووری هەر وڵاتێک بەپێی گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و بە پێی بەرژەوەندی گشتی وڵات هەموار بکرێت، بەڵام هەر وڵاتێک بە ڕێگای جیاواز. بەگشتی جۆرەکانی دەستور لە ڕووی هەموارکردنەوەوە دابەش دەکرێن بو دوو جۆر، دەستووری نەرم و دەستووری بەستەلەک. ئەو دەستوورانەی شێوازی هەموارکردنیان سەختە دەستووری بەستەلەکن، هەروەها ئەو دەستوورانەی شێوازی هەموارکردنیان ئاسانە دەستووری نەرمن. لە دەستووری هەر وڵاتێکدا چۆنیەتی شێوازی هەموار کردن و ئەو دەسەلاتەی دەستوور هەموار دەکات دیاری کراون.

دەستووری هەندێک وڵات دەسەلاتی هەموارکردنی دەستووری داوەتە دەسەلاتی یاسادانان یان داویەتیە ئەنجومەنی دامەزرێنەری دەستوور یان ڕاپرسی گەڵ، کە لە هەر یەکێک لەم شێوازانەدا بە ڕێوشوێنی جیاواز و تایبەت ئەنجام دەدرێت.

دەستوور لە ڕووی نوسینەوەوە دوو جۆرە دەستوری نوسراو و دەستووری نەنووسراو (نەریتی)، بەزوری دەستوورە نووسراوەکان دەستووری بەستەلەکن، بەڵام دەستووری نەنووسراو(نەریتی) هەموویان دەستووری نەرمن دەسەلاتی یاسادانان دەتوانێت بەهەمان شێوازی دەرکردنی یاسا ئاساییەکان دەستووری نەرم هەموار بکات. هەروەها دەکرێت دەستووری نەریتی بە نەریتێکیتری دەستووری هەموار بکرێت. لەبەر گرنگی بابەتەکە لە ڕووی هەموار کردنەوە باسی هەردوو جوری دەستووری نەرم و بەستەلەک دەکەین:

یەکەم: دەستووری نەرم:

دەستووری نەرم بریتییە لەو دەستوورانەی مادە و برگەکانی بە هەمان ڕێگای هەموار کردنی یاسا ئاساییەکان هەموار دەکرێن یان لادەبرێن، کەواتە دەسەلاتی هەموار کردنی دەستووری نەرم بە پێی بنەماکانی دەستور بریتییە لە دەسەلاتی یاسادانان.

دەستووری نەریتیش بریتییە لە دەستووری نەرم، بۆنمونە وڵاتی بەریتانیا کە پێشکەوتووترین دەستووری نەریتیان هەیە دەسەلاتی هەموار کردنی دایتە پەرلەمان. کەواتە نەک تەنیا دەستوورەکانی نەریتی بەڵکو دەستووری نووسرویش ئەوانەی مەرجی تونديان بو هەموار کردن و کوتایی پێهێنان دانەنراون دەستووری نەرمن، واتە پەرلەمان هاوشێوەی دەرکردنی یاسا ئاساییەکان دەتوانێت دەستووری نەرم هەموار بکات. بو نمونە وەک دەستووری ئیتالیای سالی 1948، و دەستووری یەکێتی سۆڤیەتی سالی 1918، و دەستووری ئیرلەندای سالی 1922و دەستووری فەرەنسای سالی 1814. لەبەر ئەوەی دەستووری نەرم بە دەرکردنی یاسای ئاسای هەموار دەکرێت کەواتە یاسای ئاسایی هەمان هێزی یاسایی دەستووری نەرمی هەیە، بە پێچەوانەشەوە دەستووری نەرمیش هەمان هێزی یاسا ئاساییەکانی هەیە.

هەندێک لە زاناکان پێیان وایە دەستووری نەرم زور باشترە، چونکە بە ئاسانی هەموار دەکرێت بەپێ ئەنجامدانی ڕێوشوێنی سەخت و وڵاتیش لە شورش و کودەتا دەپارێزێت، بەڵام ڕای زوربەی زاناکان پێچەوانەی ئەم ڕایەیە و ئەوان دەستووری بەستەلەکیان پێ باشتر و گونجاوترە، چونکە هەر پارتێک زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست هێنا ناتوانێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و بە پێی بەرژەوەندی حزبی خۆی دەستوور هەموار بکات.

سەرەڕای ئەوەی دەستووری وڵاتانی فیدرالی و دەستووری هەرێمەکانی دەبێت بەستەلەک بێت. ئەگەر سەیری بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستان بکەین نابێت دەستووری هەرێمی کوردستان دەستووری نەرم بێت، لەبەر چەند هۆکارێک: چونکە لە هەموو وڵاتانی فیدرالی دەبێت دەستووری فیدرالی و هەرێمەکان دەستووری بەستەلەک بێت، لەبەر ئەوەی دەستووری نەرم دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ململانێی لایەنە سیاسییەکان لەبەر بەرژەوەندی حزبی خۆیان بەرژەوەندی گشتی هەرێم بن پێ دەخەن و دەبێتە هۆی دروست بوونی قەیرانی زیاتر، لەلایەکیترەوە هەوڵ بو دروستکردنی هاوپەیمانیەتی سیاسی دەدرێت بۆ ئەوەی بە زۆرینەی ناو پەرلەمان بتوانن دەستوور لە بەرژەوەندی حزبی خۆیاندا هەموار بکەن بەبێ ڕەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی هەرێم. بەگشتی دەستووری نەرم هیچ سەروەرییەکی شکلی نییە، بەڵکو تەنها لە ڕووی ناوەرۆک و بابەتییەوە سەروەری خۆی بەسەر یاسا ئاساییەکاندا هەیە.

دووەم: دەستووری بەستەلەک:

دەستووری بەسەلەک ئەو دەستوورانەن کە مەرجی تونديان داناوە بو لابردن و هەموار کردنی دەقەکانی، واتە ئەو ڕێ وشوێنانەی بەکار دێن بو هەموار کردنی دەستووری بەستەلەک زور سەختترن لە هەموار کردنی یاسا ئاساییەکان.

دەستووری هەر وڵاتێک شێوازی هەموار کردن یان کوتایی پێ هێنان لە ناو دەقەکانی دەستووردا دیاری دەکات. هەموار کردنی دەستووری بەستەلەک لە دەستووری وڵاتێک بو وڵاتێکیتر جیاوازە. دەستووری هەندێک وڵات دەسەلاتی هەموار کردنی دەستووری دایتە هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان، بەڵام دەبێت ڕەزامەندی ڕێژەیەکی دیای کراوی هەرێمەک لەم دوو ئەنجومەنە لەسەر بێت. لە دەستووری هەندێک وڵاتیشدا دەسەلاتی هەموار کردنی دەستووری بەستەلەکی دایتە ئەنجومەنی دامەزرێنەر واتە پێویستە ئەنجومەنێک لە پسپۆرانی بواری یاسای دەستووری دامەزرێنەر، تەنها کارەکەی تایبەت دەبێت بە هەموار کردنی دەستوور. دەستووری هەندێک وڵاتیش دەسەلاتی هەموار کردنی دەستووری دایتە ڕاپرسی گەڵ، لەم شێوازەدا دەسەلاتی یاسادانان یان ئەنجومەنی دامەزرێنەر پرۆژە یاسای هەموار کردن ئامادە دەکات و دواتر لە ڕاپرسییەکی گشتیدا ڕای گەڵ لەسەری وەردەگیرێت. زاناکانی بواری یاسای دەستووری بەم شێوەیە باس لە بەستەلەکی دەستوور دەکەن:

یەکەم: بەستەلەکی ڕەها: هەموو زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە بە شێوەیەکی ڕەها قەدەغە بکرێت دەستوور هەموار بکرێت، چونکە ئەم شێوازە لە ڕووی پراکتیکەوە شێوازێکی هەڵەیە و مەحالە جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

ا- دژە لەگەڵ واقعی عەملی.

ب- هیچ مەشروعیەتێکی یاسایی نییە.

چونکە بەستەلەکی ڕەها لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وڵاتان ناگونجێت و لە ڕوویەکیترەوە ئەم شێوازە وا لە نەوەکانمان دەکات کە تەنها بیر لە ڕابردوو بکەنەوە نەک ئایندەی خۆیان.

بەڵام دەکرێت لە ڕووی کات و لە ڕووی بابەتییەوە بەستەلەکی دەستوور ڕێژەیی بێت.

بەستەلەکی ڕێژەیی بابەتی: لەم شێوازەدا خودی دەستوور بەرگری لە هەندێک مادەی دیاریکراو دەکات. بۆنمونە دەستووری زور وڵاتان دەڵێت: نابێت شێوازی دەولەت لە کۆماریەوە هەموار بکرێت، وەک دەستووری فەرەنسای سالی 1946وە دەستووری پرتوگالی سالی 1911و دەستووری ئیتالیای سالی 1947دا هاتوو نابێت شێوازی ولات لە کۆماریەوە بیگۆڕێت. دەستووری وڵاتی مەغریبی سالی 1972دەڵێت نابێت شێوازی دەولەت لە پادشایەتیەوە بیگۆڕێت. هەروەها لە مادەیەکیتردا دەڵێت ئەو مادانەی تایبەتن بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام نابێت هەموار بکرێن. هەروەها لە دەستووری کوێتی سالی 1962دا دەڵێت نابێت ئەو مادانە هەموار بکرێن کە تایبەتن بە شێوازی ئەمیری وە ئەو مادانەش کە تایبەتن بە بنەماکانی ئازادی و یەکسانی هەموار بکرێت.

بەستەلەکی ڕێژەی لە ڕووی کاتەوە: دەستووری زور وڵاتان قەدەغەی کردووە دەستوور بەگشتی یاخود هەندێک مادەی دیاریکراو تا ماوەیەکی دیاریکراو هەموار بکرێن. وەک لە دەستووری ئەمریکای سالی 1787دا دەڵێت نابێت هەندێک مادەی دیاریکراو تا سالی 1808 هەموار بکرێن. هەروەها لە دەستووری فەرەنسای سالی 1946دا هاتووە نابێت ئەم دەستوورە هەموار بکرێت تا هێزی دەرەکی لە ناو هەرێمێک یان بەشێکی ئەم وڵاتەدا مابێت. هەروەها لەمادەی 174ی دەستووری کوێتیدا هاتووە نابێت ئەم دەستوورە تا پێنج ساڵ هەموار بکرێت.

ئەو سەرکردەیێ فرەنسا کریە دۆست



ئیسکان ڕەمەزان

هەرێما کوردستانێ ل تەمەنێ مێژوویا حوکمرانیا خودا و ب تایبەت ل سەر دەستێ نیچیرڤان بارزانی هەموو پێنگاف هاڤێتینە ژبۆی پەیداکرنا پەیوەندیێن بهێز دگەل وەلاتێن زلهێزدا، ئەگەرئیرۆ تەماشەی هەرێما کوردستانێ بکەی دێ بینی ب دەهان کونسلخانە ل هەرێما کوردستانێ هاتینە ڤەکرن ئەفەژی نیشانا وێ خەمخورییا حکومەتا هەرێما کوردستانێ یە هەمبەری وەلاتێ خوە ژبۆ گەشەکرنا ئابوریێ هەرێما کوردستانێ و دەربازبوونا هەموو قەیرانیێت ئابوری ب ڕێیێن دبلوماسی.

ل پشتی بویەرێن 16ی ئەکتوبەرێ دا خەلکێ هەرێما کوردستانێ دبێ ئومێدییەکا مەزن دا دژیا، چنکی هێرشێن حەشدا شەعبی بەردەوام ببوون ل سەر ئاخا هەرێما کوردستانێ و دورپێچێن ئابوری لسەر هەرێما کوردستانێ هەبون و فروکەخانەیا نێڤدەولەتی هەولێر و سلیمانیێ هاتبوونە ڕاگرتن ژئالیێ بەغدایێ ڤە و مەرجێن حکومەتا بەغدایێ زور تونديوون لسەر هەرێما کوردستانێ و ژئالیەکێ دنڤەژی لێدوانێت ئوپزسیۆنا لایەنێت سیاسی و رایا خەلکێ لاوازدکرن لسەر ئەنجامێت ریفراندوما هەرێما کوردستانێ لێ دەرگەهەک ژنشکاڤەکێ ڤە هات ڤەکرن کو دلێ هەرکوردستانیەکی گەش کر ئەو دەرگەهژی فەرەنسا بوو کو لسەر داخازا وەلاتێ فەرەنسا نێچیرفان بارزانی هاتە داخازکرن کو ب رێیا هشکاتیێ چوو تاکو گەهشتیە وەلاتێ تورکیا ژبوی بدەستڤەئینانا مافەکی ژبوی وەرگرتنا گرنتیەکی بۆ مانا هەرێما کوردستانێ د جوگرافیا عیراقێ دا چنکی ل وی سەردەمی دا دەستهەلاتدارێن بەغدایێ د هندەک لێدوانێت ڕاگەهاندنێ دا دانە دیارکرن کو ئیدی هەرێمەک نینە ل جوگرافیا عیراقێ بنافێ کوردستان لێ چوونا نێچیرڤان بارزانی بۆ فرەنسا کو ژلایێ ئیمانوێل ماکرون ڤە هاتیە پێشوازی کرن و دکونگرەکێ ڕوژنامەڤانی دا وەلاتێ فەرنسا پشتەڤانیا خوە بۆ هەرێما کوردستانێ دا دیارکرن کو ئەو هێرشێن حکومەتا بەغدایێ دکەتە سەر هەرێما کوردستانێ پێشەل کاریە هەمبەری دەستورێ عیراقێ و گوت دڤێت ب ڕێین دوبلوماسی عیراقی کێشەێن خوە دگەل هەولێرێ چارەسەربکەتن ل وی دەمی دا ئەف گوتارە هەوالەکێ هەرە دلخوشبوو بۆ هەر تاکەکی کوردستانی کو خوزی و ئاواتێن وی ئەوبن لبن زولم و زۆردارییەتا پڕستالێن شوڤینیان نەژیێ یا گرنگە کو ئەم کوردستانێت هەرێما کوردستانێ رولێ وەلاتێ فەرنسا بەرچاڤ وەربگرین و لڤێ دوماهییێدا ژی چوونا نێچیرڤان بارزانی بۆ پاریس زۆر یا گرنگ بوو بۆ گەشەکرنا ئابوریێ هەرێما کوردستانێ کو هاتیە دیارکرن دڤان نیزیکاندا دێ هند پروتۆکۆلێن ئابوری هێنە ئیمزا کرن دنافبەرا شارەوانیا پاریس ل فەرەنسادا و پارێزگەها هەولێرێدا، ئەڤە ئێک ژی پێنگاڤەکا هەرەباش بوو خۆشکرنا ژین وژیارا هاولاتییێن هەرێما کوردستانێ چنکی د حکومەتا نوو یا هەرێما کوردستانێ خەلکێ هەرێما کوردستانێ چاڤەڕێیە و گەشبینە کو هەرێما کوردستانێ دێ داویێ ب هەموو وان قەیرانیێت ئابوری ئینیێن و دێ کارکەتن ژبۆی خوشگوزەرانیا خەلکێ کوردستانێ چنکی دچار سالێن شەرێ دژی تیرۆرێدا خەلکێ هەرێما کوردستانێ دبارودۆخەکێ هەرە دژواریێ ئابوری دا ژیان دەربازکرن، ئیرۆژی دباوەریا کوردستانیا دایە کو کابینەیا نوویا هەرێما کوردستانێ دێ هەموو هەول و بزاڤان ئێخیتە کاری ژبۆی چارەسەرکرنا وان هەموو پرسگرێکان ئەوێن دناڤبەرا حکومەتا بەغدایێ و هەولێرێ دا ماینە هەلاویستی.



لە پەراوێزی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان:

سێکتەری خوێندنی باڵا

خەبات: تریفە ئازاد

لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە جێبەجێکردنی کارنامەی خۆی کردووە، بێگومان چاکسازی و خزمەتگوزای و پێشڤەبردنی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی سێکتەرە جیاجیاکانی جومگەکانی حکوومەت کاری لەپێشینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت. هەڵبەت هەماهەنگی نێوان حکوومەت و هاوواڵتیان و فەرمانبەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە ئەگەری سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێبەجێکردنی کارنامەی خۆی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەت ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت ڕایگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژنامەی خەبات لە پەراوێزی جێ بەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات لە تەوەرێکی ئاڵوگۆڕی بیروڕادا، بیروبۆچوونی شارەزایان و پسۆری سێکتەری جیاجیاکان وەرگرێت وەک هاوکاری و بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بۆ بەرەو پێشچوونی ئاستی خوێندنی باڵا پێویستە گرنگی بە کادیری ناوخۆیی بدرێت



ڕۆژگار شێخانی:

پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم خوێندنی قوتابیان هەڵبگرێت لە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا

گرنگی دان و بەرەو پێش بردنی ئاستی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان یەکێکە بەرنامەی کاری داهاتووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، **ڕۆژگار شێخانی ماموستای زانکۆ لە کۆلێژی ئاداب لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:** کابینەی نۆیەم دەتوانێت پەرە بە کایەی زانست و بواری خوێندنی باڵا بدات کە بەرلەهەموو شتێک لە ڕێگەی لێژنەیەکی زانستی کە لەکۆمەڵێک پسپۆڕ پێکهاتبن،پێداچوونەوە بە میتۆدەکانی خوێندن بکات، بە جۆرێک لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەمدا بگونجێت و دەزگاو دامەزراوە زانستیەکانی ئێمەش شان بەشانی زانکۆ و دامەزراوەی زانستی پێشکەوتووی جیهان ئاشنا بن بە میتۆدی زانستی تازە. هەروەها دەبێت گرنگی زیاتر بە کادیرانی ئەکادیمی نێوخۆی کوردستان بدرێت،مەبەستمە بڵێم لەماوەی دە بۆ پازدە ساڵی ڕابردوو، بەشێک لە زانکۆ ئەهلی و حکومیەکان ژمارەیەکی زۆری مامۆستاو ستافی وانەبێژی بیانیان هێنایە نێو زانکۆ، کەچی بەسەدان گەنجی کوردستان دوای تەواوکردنی ماستەر و دکتۆرا،بەگوڕوتینەوە هیواخوازبوون لەنێو زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان خزمەت بکەن، کەچی لەبەر پێویست نەبوون بە میلاک و توانایان، زۆربەیان ئێستا لە ئەداکردنی پیشەی خۆیان دوورن،ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لە ئێستا و داهاتووی زانکۆ و پەیمانگاکانمان دەبێت،بۆیە پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم خوێندنی قوتابیان هەڵبگرێت لە خوێندنی ماستەر و دکتۆرا

باڵا چارەسەرێک بۆ ئەو حاڵەتە بدۆزێتەوە گرنگی بە کادیری ناوخۆیی بدات. خاڵێکیتر کە پێویستە بۆ پێشڤەچوونی پڕۆسەی خوێندنی باڵا، دروست کردنی کەمپ و شوێنی گونجاوە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان بە تایبەت زانکۆی سەلاحەدین/هەولێر، کەبەڕاستی بەو شێوەی ئێستای بەشێک لە کۆلێژو پەیمانگاکان کە تێیدان پێشکەوتن بەدینایەت، تایبەت بەشێکی زۆری هۆڵەکانی وانەووتنەوە بۆ ئەو پڕۆسەیە گونجاو نین، بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێم، لەڕێگەی وەزارەتی خوێندنی بالاوە هەنگاوی خێراو پێویست بگرێتەبەر بۆ چارەسەری ئەو بابەتە. خاڵێکیتر، دروست کردنی پەیوەندی زانستی نێوان زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان لەگەڵ دامەزراوە زانستیە پێشکەوتووەکانی جیهان،تا لەڕێگەیەوە سوود لە ئەزمونی ئەوان وەربگیرێت و تۆژینەوەی زانستی هاوبەش ئەنجام بدەن. هەروەها پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو کۆسپ و لەمپەرانەی بەردەم خوێندنی قوتابیان هەڵبگرێت لە خوێندنی ماستەرو دکتۆرا،ئەویش بە لابردنی ئەو ڕێنماییانەی چوار ساڵی ڕابردووی وەزارەت تایبەت بە کاندیدانی ماستەر و دکتۆورا و خوازیارانی وەرگرتنی نازناوی زانستی، چونکە بەهۆی ئەو ڕێنماییانەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خوێندن و وەرگرتنی نازناوی زانستی بێبەشن، ئەمەش بە زیانی پڕۆسەی خوێندنی باڵا تەواو دەبێت. وەک تێبینی دەکەین لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو، وەزارەتی خوێندنی باڵا چەند جارێک سیستەمی وەرگرتنی قوتابیانی گۆڕیوە، ئەمەش بەجۆرێک لەجۆرەکان کاریگەری نێگەتیفی لەسەر پڕۆسەی خوێندنی زانکۆیی دروست کردووە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ ئەو بوارە پێشکەوتوو بێت،ئەوا دەبێت وەزارەت سێستەمێکی جێگیر بۆ وەرگرتن و خوێندنی قوتابیان پەیڕەو بکات.

پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریەکی زیاتر و تەواو بخاتە سەر زانکۆکان

د. محمد زراری ماموستای زانکۆ لە بارەی کارنامەی هێڵە گشتیەکانی کابینەی نۆیەم بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هەوڵی کۆمەڵگاکان بۆ گرنگیدان بە زانکۆکانیان وە نوێ بونەوەیان وەدەست گرتن بە هۆکاری بەهێزکردنیان و نیشانەی بەرە و پێشچونی ئەو کۆمەڵگایەیە. لێرەدا زانکۆکان ڕۆڵی سەرەکی خویان دەبینن وە دەیسەلمێنن کەوا چەندە کرنگن بۆ ئەو کۆمەڵگەیە. لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەساڵی 2003وە باش بونی بارو گوزەرانی هاوڵاتیان لێشاوی گەڕانەوە بۆ سەر خوێندن دەستی پێکرد ساڵانە لە هەرێمی کوردستان دەیان هەزار کەس دەبنە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی چ لە زانکۆ حکومیەکان یان زانکۆ ئەهلیەکان. وەدەرچوونی ئەو ژمارە زۆرە و بونیان بە خاوەن بڕوانەی زانکۆیی لە ڕووی زانستی بەرە و پێش چۆن و وەرچەرخانێکی گەورەیە چونکە زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیین ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر بەرەو پێشچوونی ئەو کۆمەڵگەیە وە پالنەرێکی بەهێزیشە بۆ ئەوەی کەوا ئەو کەسەی بوەتە خاوەنی بڕوانامە زیاتر گرنگی و پەرە بە تواناکانی بدات وە لەو ئاستەی کە هەیەتی نەوەستێت و ببێتە خاوەن بڕوانامەی بەرزتر. سەرەڕای هەبوونی تێبینی لەسەر



د.محەمەد مستەفا زراری:

زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاوەن بڕوانامەی زانکۆن ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردستان

هەندێک لەوانەی بوونەتە خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی بەڵام لە ئاستی ئەو بڕوانامەیە نین کە بەداخەوە ئەوە زیاتر لە هەندێک لە زانکۆ ئەهلیکان بەدی ئەکرێت، هەرچەندە هەندێک زانکۆی ئەهلی باش و ئاست بەرزمان هەیە لەهەرێمی کوردستان. لێرەدا من بە پێویستی دەزانم کەوا حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاودێریەکی زیاتر و تەواو بخاتە سەر ئەو زانکۆیانەی کەوا لەڕووی زانستی و کارگێڕی وە هەروەها لە ڕووی دانانی نمرە و ئامادەبونی قوتابیان، وە هەڵسەنگاندنی مامۆستاکان کە ئایە لەڕووی زانستی و زانیاری و بەرە و پێش چوون لە چ ئاستێکن کە بەداخەوە ئەو دیاردەیە هەستی پێ دەکرێت لە نێو هەندێک لە مامۆستایانی زانکۆ ئەهلیەکان بەتایبەت ئەو مامۆستایانەی کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاتونەتە زانکۆ ئەهلیەکانی هەرێمی کوردستان کە بەرژەوەندیان هەیە لەگەڵ هەندێک لە قوتبیەکانیان وە چاوپۆشیان لێ دەکەن لەڕووی ئامادە نەبونیان لە وانەکان و یاخود یارمەتی دانیان بۆ ئەوەی دەربچن تەنانەت هەندێک جار نمرەی وایان داوە بە هەندێک قوتابی ئەو قوتابیە بوە بە یەکەمی سەربەشی خۆی و هەوڵ و ماندوبونی قوتابیەکی تر بە فیڕۆ چوە و خەون و داهاتوی ئەو قوتابیە لە گۆڕنراوە. هەروەک ڕوون و ئاشکرایە هەبونی ئەو جۆرە مامۆستایانەش بەهۆی پێ نەدانی نازناوی زانستی بوو بە مامۆستاکانی خۆمان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا کە بوە هۆی دروستکردنی بۆشایی نەبوونی مامۆستای زانکۆ وە پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە بەم جۆرە مامۆستایانە. وە ئەوەشمان بیر نەچێت زۆر لە دەرچوانی زانکۆ ئەهلیەکان لەڕوی توانای زانستی و پیشەیی لە ئاستێکی زۆر بەرزدان کە جێگای خۆشحاڵیە بەتایبەت لە بوارە زانستیەکانی وەک پزیشکی و ئەندازیاری و ژمێریاری کە ئەگەر بێت و بەراوردیان بکەین بە دەرچوانی زانکۆ حکومیەکان لەڕوی زانستی و لێهاتوویی هیچیان لە ئەوان کەمتر نیە. لە کۆتاییدابوونی ئەو هەموو ژمارە زۆرەی خاوەن بڕوانامەی زانکۆیی لە هەرێمی کوردستان بەدڵنیاییەوە لایەنە باشەکانی زۆر زیاترن بەراورد بە لایەنی خراپی کە وەک لەپێشتر ئاماژەم پێدا هەندێک خاوەن بڕونامەی بێ زانست و زانیاریان هەیە کە ئەوەش جێگای داخە بەڵام خۆشبەختانە ئەوانەی کەوا لەڕووی زانستی ئاستیان بەرزەو خاوەن لێهاتوییەکی باشن توانیویانە بارگرانیەکی گەورە لەسەر حکوومەت لابدەن لە ڕووی دابین کردنی کادری بەتوانا لە بوارە جیاجیاکان بەتایبەت مامۆستایانی زانکۆ.

پێویستە زانکۆ تایبەتییەکان تەنیا بیر سەرمایەکی زۆر نەکەنەوە بەڵکو گرنگی بە ئاستی زانستی بدەن

کاریگەری خوێندنی ئەهلی و چۆنیەتی چارەسەر کردنی کێشەکان لە کابینەی داهاتوو و لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات **د. ئەرشد حاجی سدیق دکتۆرا لە ژمێریاری و کارگێڕی دارایی گوتی:** سەرەتای دەرکەوتنی زانکۆ تایبەتیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دەگەڕێتەوە بۆ دووای ساڵی 2010و دووای داخستنی کولێژەکانی خوێندنی ئێوارانی سەر بە زانکۆ حکومیەکان. لەسەرەتادا قوتابیان و تەنانەت مامۆستایانی زانکۆش دژی ئەم بریارە وەزارەتی خوێندنی باڵا و تۆژینەوەی زانستی وەستانەوە بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بریاری داخستن پاشگەز نەبوونەوە بە بیانووی هەنگاونان بۆ سیستەمی سەرمایەداری و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ هاوڵاتیان لە (فەرمانبەر و مامۆستایان) تا ڕادەیەکی باش توانیان هەلی کار بۆ چەندین هاوڵاتی دابین بکەن. یەکێکی تر لە بیانوەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بریتی بوو لە هاوکاریکردنی حکوومەت و زانکۆ حکومیەکان لە لایەن زانکۆ تایبەتیەکان چونکە زانکۆکانی حکومی ناتوانن ڕێژەیەکی زیاتر لە قوتابیان وەربگرن. بە بروای من لە سەرەتادا بەهۆی نەبوونی مامۆستای پێویست وە دووای شەڕی داعش کاتێک مامۆستایانی زانکۆکانی خواروی عێراق ئاوارە بوون دەستیان کرد بە وانە وتنەوە لە زانکۆ تایبەتیەکان لە کوردستان ئاستی زانستی لە زانکۆ تایبەتیەکان کوالیتی باشیان نەبوو وە ئاستی زانستی قوتابیان دابەزی چونکە بەشێک لە مامۆستایانی ئاوارە مەبەستیان دابینکردنی بژێوی ژیان و خۆگونجاندنیان بوو لەگەڵ سیاسەتی زانکۆ تایبەتیەکان نەک پێشکەشکردنی زانست و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان ئەمەش بەسود بینین لەو بڕیارە سەیرو سەمەرانەی وەزارەتی خوێندنی بوو کە تەواو لە سودی ئەو مامۆستا ئاوارانەبوو و وە ڕێک لە دژی مامۆستا کانی هەرێمی کوردستان بوو بە بیانوی نەبونی توانستی زمان بێ بەش بوونە لە نازناوی زانستی. بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوو بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێم و دوواکەوتنی موچە بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ حکومیەکان دەستیانکرد بە وانە وتنەوە لە زانکۆ تایبەتیەکان ئەمەش ئاستی زانستی بە رادەیەکی بەرچاو بەرز کردەوە. لەلایەکی ترەوە نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان حکوومەت و کومپانیاکانی کەرتی تایبەتی لەگەڵ زانکۆ تایبەتیەکان لە پرکردنەوەی خواستی بازاڕ لە ڕووی کادری مرۆی وای کردووە ژمارەیەکی زۆری دەرچووی زانکومان هەبێت و بێکار بن ئەمەش بوتە پالەپەستۆیەکی زۆر لەسەر حکوومەت بۆ دامەزراندنیان. خاڵێکی تر داخستنی خوێندنی ئێواران بوو لە زانکۆ حکومیەکان کە دەرفەتیان بۆ فەرمانبەرانی کوردستان کەمکردەووە تاوەکو درێژە بە خوێندن بدەن. لە لایەنی ئابووریش داخستنی خوێندنی ئێواران لە زانکۆ حکومیەکان و کردنەوەی زانکۆ تایبەتیەکان دەرفەتی خوێندنی بۆ چینی هەژاران کەم کردووە چونکە کرێی خوێندن زۆر بەرزە لە زانکۆ تایبەتیەکان بە بەراورد لەگەڵ کرێی خوێندنی ئێواران کە بەر لە ساڵی 2010 هەبوو لە زانکۆ حکومیەکان. سەرەڕای لە دەستدانی داهاتی کرێی خوێندن لە لایەن زانکۆ حکومیەکان کە ساڵانە بە نزیکی سێ ملیار دینار دەخەملێنرا. سەبارەت بە کاریگەری خوێندن و



د.ئەرشەد حاجی سدیق:

پێوستە وەزارەتی خوێندنی باڵا گرنگی بە خوێندنی ئێواران بدەن لە زانکۆ حکوومییەکان تاوەکو سەرچاوەیەکی تری داهات بێت بو خودی زانکۆ و حکوومەت و فەرمانبەران سوودی لێوەرگرن

دەرچوانی زانکۆ تایبەتیەکان لەسەر بەرەو بێشڤچوونی ئاستی خوێندنی باڵا ئەمە شتێکی چاوەڕوانەکراو بوو لە کاتی کردنەوەی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتورا) لەکاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوە ژمارەیەکی زۆر کەم لە دەرچووانی زانکۆ تایبەتیەکان توانیان نمرەی پێویست بەدەست بێنن و درێژە بە خوێندنی باڵا بدەن ئەمەش نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر ئاستی زانستی زانکۆ تایبەتیەکان. پێویستە زانکۆ تایبەتیەکان تەنیا بیر لە وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر قوتابی و بەدەستهێنانی سەرمایەکی زۆر نەکەنەوە، سەرەرای بەدەستهێنانی سەرمایە بیر لە بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان بکەنەوە سوود لە توانای مامۆستایانی کوردستان وەربگرن و هەماهەنگی دروست بکەن لەگەل زانکۆ حکومیەکانی کوردستان وە حکوومەتی هەرێم و وەزارەتی خوێندنی باڵا بریاری کردنەوەی خوێندنی ئێواران بدەن لە زانکۆ حکومیەکان تاوەکو سەرچاوەیەکی تری داهات بو حکوومەت زیاد بێت و تۆژێ هەژاران و فەرمانبەران بتوانن درێژە بە خوێندن بدەن.

وون بوون

کتاب گومرگ بەناوی کۆمپانیای جیهان مۆتۆرز ئۆتۆمبێلی جۆری تویوتا لاندکروز/ ستیشن ژمارەی کاتی ١٥٤٤٨ مۆدێل ٢٠١٩ ژمارەی شاصی: JTMH٠١J٨K٤١٨٦٥٠٣ وون بووە هەرکەسێک دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

سااڵنامەی ئۆتۆمبێلی جۆری تریٚلە/ ثالثۆ/ تاك ویل مع صحال/ دبل قارە/ سایلۆ سمنت ٢ بنگیر/ مع صحال/ ٥٢,٥ تەن/ ژمارە (٩٨٢٢٥/سلیمانیە) حمل/ مودیل ٢٠٠٧ بەناوی (ابراهیم فیض اللە عمر) وون بووە، هەر کەسێک دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٧٠٢٣٧٦٤٢٦)

***

وون بوون

پێناسی پێشمەرگایەتی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لە یەکەی(٧٠) فەوجی (٣)ی لیوای (١١٤) بەناوی (ڕێبوار سالم حسین) وون بوە، هەر کەسێک دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٦٧٠٤٨٢٩)

***

وون بوون

پێناسی پێشمەرگایەتی سەر بەوەزارەتی پێشمەرگە لە یەکەی(٧٠) فەوجی (٣)ی لیوای (١١٤) بەناوی (وشیار عمر قادر)وون بوە، هەر کەسێک دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠١٧٠٧٩٣)

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ١٢٠١/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المديرية في الاضبارة التنفيذية المرقمة ١٢٠١/ت.د/٢٠١٩

المتضمن بيع العقار المرقم ١/٥٧٠ و١٢/٥٧٠ قابكى في حصة المدين المبين اوصافه ادناه تعلن هذه المديرية عن بيعه بالمزايدة العلنية فعلى الراغبين بالشراء مراجعة هذه المديرية مستصحبين معهم التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من القيمة المقدرة ان لم يكن شريكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفيذية اعلاه وستجري المزايدة في الساعة الثانية عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من اليوم الثلاثين التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمية ففي اليوم الذي يليه علما ان الدلالية ورسوم التسجيل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ١٢٠١/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاكرى قابكى ١- المساحة ٨٩,٢٥٠ م٢ العقار المرقمة ١/٥٧٠ قابكى من حصة المدين الجنس ملك صرف القيمة المقدرة (٣٣٠٠٠٠٠٠) ثلاثة وثلاثون مليون دينار عيراقي ٢- المساحة ٣,٧٨ م٢ العقار المرقمة ١٢/٥٧٠ من حصة المدين الجنس ملك صرف القيمة المقدرة (٧٠٠٠٠٠٠) سبعة ملايين دينار عراقي

المنفذ العدل / بدران عبدالرحيم حاجي

***

دادگەها بەرایی / زاخو

ژمارە / ٢٧٣/ ب/ ٢٠١٩

میژوو / ٢٠١٩/٧/٢٨

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو / (یونس محسن مهدی) جهێ ئاکنجیبینا بەری زاخو – سبیریز ، جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە .

داواکار (ماهر سلیمان عیسی) داویا ژمارا (٢٧٣/ب/٢٠١٩) ب ریکا بریکارا خو پارێزەر (نیجیرفان جمیل اسماعیل) ل سەر تە تومار کریە وتێدا داخازا نە هیلانا بەرهەلستیی دکت مفادیتن ژ خانووبەرێ ژمارە (٨٨ / ١ کەرتی ١١ أشکەفت مارا) ، و ژ بەرکو جهێ ئاکنجیبوونا تە نە دیارە لدیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین سیالکا ژمارا (٢٣٩١) ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٧/٢٥) داوالێکراو نە هات ئاگەهدارکرن. و هەڤپێچ دگەل ئیشعارا هەلبژارێ گەرەکا سبەریز کو تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ داوالێکراو د تومارا گەرەکا مەدا هەیە بەلێ نوکە ئەم نزانن ئاکنجیی کیڤەیە وجهێ ئاکنجیبینا وی نە دیارە)) , وژبەر دیارنەبینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠١٩/٧/٢٨) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامەیێن نافخویی و ڕۆژانە دا پالپشت ب مادێ (٢١) ژیاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی (٢٠١٩/٨/٢١) ل دەمژمێر (٩:٣٠) سپێدێ وبەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشمە ئێتە ئەنجامدان.

القاضی / یوسف الیاس سدن

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سلێمانی بەدواداچون و ئامار

ژمارە/ ٢٧٧ / ٢٠١٩

ڕێکەوت : ٢٠١٩/٧/٢٨

ئاگادارى

بۆ هەردوو وارثی داوا لێکراوی جێبەجێکردن (عزیز أحمد أمین) بەناوەکانی (گۆران عزیز أحمد) و (دیار عزیز احمد) کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبونتان نادیارە لە کاتی ئیستادا . ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا بریاری دوا هەواڵە (الإحالة القطعیە) ی مۆڵکی ژمارە (٩/٢١١) کەرتی (٢) ی زەرگەتە دراوە لە زیادکردنی ئاشکرادا لەسەر کڕیاری خاوەن قەرز (سمر احمد جمیل بابان) لەبەرواری (٢٠١٩/٧/٢٣) بە بڕی (٧٧,٧٠٠,٠٠٠) حەفتا و حەوت ملیۆن و حەوت سەد هەزار دینار، لەبەر ئەوەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکەمان ڕونبوەتەوە کە شوێنی دانیشتن و نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی شەرحی پێڕاگەیەنەری دادی و موختاری گەرەکی (گوندی ئەڵمانی) ، لەبەر ئەوە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە بۆ دانەوەی قەرزی ئەستۆی داوالێکراوی جێبەجێکردن لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا کە لە ڕۆژی دووەمی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامەدا دەست پێ دەکات بە پێچەوانەوە مۆڵکی ئاماژە بۆ کراوی سەرەوە تۆمار دەکرێت بەناوی کڕیاری خاوەن قەرز (سمر أحمد جمیل بابان) بە پێی ماددەی (٩٧) لە یاسای جێبەجێکردن .

جێبەجێکاری داد / عمر رسول أحمد

***

دادگای باری کەسێتی / ٤

ژمارە : ٤٥٣٥/ ش / ٢٠١٨

بەروار : ٢٥ / ٧ / ٢٠١٩

ئاگانامە

داواکار : عزیزە حسن ابراهیم

داوالەسەرکراو : قادر محمد هلال

ئاگادارت دەکەینەوە داواکار (عزیزە حسن ابراهیم) داوایەکی بە ژمارە (٤٥٣٥/ ش / ٢٠١٨) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وە ئەو دادگایە بڕیاری لای خۆی دەرکرد لەبەرواری (٢٠١٩/٦/١٨) بە (جیابونەوەی) بەهۆی (بەجێ هێشتن «هجر»)، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارت بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانەوە وە ئەگەر لە ماوەی یاساییدا هەڵنەسیت بە تانە لێدانی یان پێداچوونەوەی (تەمیزی بریارەکە) ئەوا بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا ..

دادوەر / صالح أحمد عبدالله

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی

دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٩٣

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢٨

ئاگادارى

لەسەر داوای هاووڵاتی (خالید حسین مام وسو) میراتگری خوالێخۆشبوو (حسین مام وسو) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (حسین اوسو حمدامین ابابکر) بۆ (حسین مام وسو) لە بریاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١١) کەرتی ٥٧/ فریز, کە لەسااڵنی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێک بۆ هەرلستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە/ ٣٥٠٥/ ب٥/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراوان (ڕیزان مولود صدیق و ڤیان مولود صدیق)

داواکار (سەنگەر عبدالصمد جاسم) داوای ژمارە ٣٥٠٥/ ب/٥ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی (سەرانی ڕونا کی و ڕاستی) بۆیە دادگا بریاریدا بە پێراگەیاندنت بە داوای حادثە المنظمة کە بڕەکەی ١٨ هەزار دۆلار امریکی بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٢١) بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٨١/تثبیت سند/ب٢/ ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١

بۆ/ داوالێکراو (ڕێبین عبدالرحمن سعید)

داواکار (محمد شریف سلیمان اوغلو) داوای ژمارە ٨١/تثبیت سند/ب٢/ ٢٠١٩ لەسەرتان تۆمارکردووە و تیایدا داوا دەکات بە گەراندنەوەی ئەو قەرزەی لاتانە بەبری (١٧١٠٠٠) $ سەدو حەفتا و یەک هەزار دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە دیناری عیراقی ٢٢٠,٠٠٠,٠٠٠ دوو سەدو بیست ملیۆن دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری پارێزگای هەولێر/ گەرەکی ئەفسەرانی پۆل لە ٢٠١٩/٥/٥ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە, وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) تێهەڵچوونەوە وە پێداچوونەوەتان هەیە لە بریارەی نەهاتووی پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەر/ محمد بهاء الدین عبدالله

***

ئاگادارى

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (٢٠٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٣) ك (١٠) سوێرێ پشت ڕێگای هەولێر- گوێر بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێک بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

نزار حسین عبدالله

ی. بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٢٦٧٢/ش/٢٠١٩/٢

ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/٢٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (مصطفی یحیی حسین)

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (شیهاء علی حسین) داوای ژمارە (٢٦٧٢/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی دووەمی ئازادی) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٩/٨, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کومپانیا دهوك

بەشێ کۆمپانییێن نیشتمانی

ژمارە: ٣٥٢٣

بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٤

بریارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)

پاڵپشت بە ناڤەڕۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (مازی) بۆ (وەبەرهێنانی بازرگانی/ سنوردار) ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٦/١٨) ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا ۆ دانانا بەڕێز (دلشاد عبدالالە عبدالواحد) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری.

ئەز وەکو ڕێڤەبەرێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١) ێ ساڵا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.

و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٤

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن

ڕێڤەبەری کومپانیان/ دهوك

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (مازی) بۆ (وەبەرهێنانی بازرگانی/ سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / دلشاد عبدالاله عبدالواحد

ناڤ ونیشان / دهوك – مازی لاند

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٣٠٢٧٢٧٤

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (گارۆك) بۆ (هێنانی دەستی کار وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پاککردنەوە / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / محمد فیضی محمد

ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥١٥٢٥٤

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کومپانیا دهوك

بەشێ کۆمپانییێن نیشتمانی

ژمارە: ٣٥٢٢

بەروار: ٢٠١٩/٧/٢٤

بریارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)

پاڵپشت بە ناڤەڕۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (مازی) بۆ (پەلەوەری/ سنوردار) ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٦/١٨)ێ تایبەت ب دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا ۆ دانانا بەڕێز (دلشاد عبدالالە عبدالواحد) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری.

ئەز وەکو ڕێڤەبەرێ کومپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠)ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١) ێ ساڵا (١٩٩٧)ێ یا هەموارکری.

و ئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٤

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن

ڕێڤەبەری کومپانیان/ دهوك

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کومپانیان دهوك

بەشێ کومپانییێن نیشتیمانی

ژمارە / ٣٥٧٢

ڕێکەوت / ٢٠١٩/٧/٢٨

بریارا پاکتاوکرنا کومپانیا (سنوردار)

پاڵپشت بە ناڤەڕۆکا بریارا دەستەیا گشتی یا کومپانیا (گارۆك) بۆ (هێنانی دەستی کار وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاری پاککردنەوە / سنوردار) ل ڕێکەفتی (٢٠١٩/٧/٢٠) ێ تایبەت بە دانانا کومپانیێ ل ژێر پاکتاوکرنێ دا و دانانا بەڕێز (محمد فیضی محمد) وەکو پاکتاوکەرێ کومپانیا ناڤبری .

ئەز وەکو ڕێڤەبەرێ کۆمپانییێن دهوکێ بریارا سەری پەسندکەم ب مەرجەکی بهێتە بەلاڤ کرن لدیڤ ئەحکامێن ماددەیا (١٦٠) ێ ژ یاسایا تومارکرنا کومپانیا یا ژمارە (٢١) ێ سالا (١٩٩٧) ێ یا هەموارکری

وئەڤ بریارە هاتیە نڤێسین ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٨

مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن

ڕێڤەبەرێ کومپانیان / دهوك

.ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانی یا پارێزگەها دهۆکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە:۲۲/۳۰۰/۱/۱
مێژوو: ۲۰۱۹/۷/۲۵
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولیکێن دەولەتێ ژمارە (۳۲) یاسالا ۱۹۸٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زیدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا پارچە زەڤییا ژمارە (۱۰۷٦٦٦/۱) ژبو مەرەما (گورەپانا ترومبێلێن بارهلگر) کەرتێ (٤۱) گرێ پانێ ب روویەرێ (٦٤۲۰) م۲ بو ماوێ (۲) دوو سالا هەرکەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زیدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کوکێمتر نەبیت ژ (۲۰٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ (۳۰)سیە روژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دروژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زیدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە ل ددم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ, و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت دی کەڤنە ستوی وی دگەل ریزگرتنێ.
ئەندازیار / خالد سلیمان یاسین
ه. ڕێڤەبەرێ گشتی

* * *

ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانی یا پارێزگەها دهۆکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە:۲۱/۳۰۰/۱/۱
مێژوو: ۲۰۱۹/۷/۲۵
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولیکێن دەولەتێ ژمارە (۳۲) یاسالا ۱۹۸٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکنا دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زیدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا بەشەك ژ پارچە زەڤییا ژمارە (۵۰/۱) ژبو مەرەما (دوکانەکێ) کەرتێ (٤۲) فایدە ب روویەرێ (٦٤)م۲ بو ماوێ (۲) دوو سالا هەرکەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زیدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کوکێمتر نەبیت ژ (۲۰٪) ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە بکەت د ماوێ (۳۰)سیە روژا دا ژ بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دروژنامێ دا و ئەڤ سەرئیك زیدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا فایدە ل ددم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ, و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت دی کەڤنە ستوی وی دگەل ریزگرتنێ.
ئەندازیار / خالد سلیمان یاسین
ه. ڕێڤەبەرێ گشتی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە/ ۱۲۲۱/ب/۲۰۱۹/٦
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۲۸
پێراگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (یوسف محمد سالم)
داواکار (سعد هادی متی) داوای ژمارە (۱۲۲۱/ب/۲۰۱۹/٦)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (یوسف محمد سالم) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی نیشتمان) لە ۲۰۱۹/۷/۲۱ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم دادگا (۲۰۱۹/۸/۲۱) کات (۹)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٤۸/انابە/۲۰۱۹
ڕێکەوت/۲۰۱۹/۷/۲۹
عبدالله) داوای مانەوە دەکات
۸ – نرخی قرساو/ ۳۰۰,۰۰۰,۰۰۰ سێ سەد ملیۆن دینار.

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٦۸۱۰
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۲۹
جاردان
داواکار (نەمام زرار عبدالله) داوایەکی پێشکەش بە دادگا کردووە داوا دەکات بکرێت بە سەرکار لەسەر وون بوو (محمد عثمان صالح) کە لە بەرواری ۲۰۱۲/٦/۱۱ وون بووە بۆیە هەرکەسێك زانیاری هەیە دەربارەی وون بووی ناوبراو سەردانی دادگا بکات لەماوەی پازدە ڕۆژ بەپێچەوانەوە دادگا هەڵدەستێت بە ڕێکاری یاسایی.
دادوەر/ دیار محمد علی

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/۵
ژمارە/ ٤۰۷/ ب/۵/ ۲۰۱۹
ڕێکەوت/ ۲۰۱۹/۷/۲۹
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بژدار برهان عثمان)
داواکار (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئیسکان/ سەرەرای کارەکەی) داوای ژمارە ٤۰۷/ ب/۵/ ۲۰۱۹ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی بڕیاری دادگا لە ۲۰۱۹/۷/۲۳ بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم دادگا (۲۰۱۹/۸/۲۱) کات (۹)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ حسین علی محمد

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٤۸/انابە/۲۰۱۹
ڕێکەوت/۲۰۱۹/۷/۲۹
جاردان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٤۳۷/۲۵۵ ك ۵ عنکاوە کە کەوتوەتە ك ۵ عنکاوە دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار کمال طاهر محمد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی شیرین ابراهیم سعید بەبڕی/ ۱۹۲,۳٦۳,۵۱٦ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ۳۰ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بلاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ۱۰٪ نرخە قرساوەکەیەتی ولاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
۱ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٤۳۷/۲۵۵ ك ۵ عنکاوە
۲ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
۳ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لە خانوویەکی دوو نهۆمی یەکەم هۆل استقبال دوو ژوور مطبخ و حمام و مرافق نهۆمی دووەم ۳ ژوورو حمام و مرافق.
۵ – ڕووبەرەکەی/۳۷۹,۹۳ م۲
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
۷- نیشتەجێکەی/ کرێچی بەناوی (عمر (۲۵۰,۰۰۰) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بەپێی ماددەی ۱۰/یەکەم لەیاسای پاسپۆرت بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخویی ڕۆژانە پێت رابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون (الاعتراض) لە ماوەی یاسایدا ۳ سێ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەی (۱) یەك مانگ بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ حسن علی مراد امین

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/۱
ژمارە: ٤۱٤/ج/۲۰۱٦
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۲۵
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ جهال غازر محمود
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/۱ لە داوای ژمارە ٤۱٤/ج/۲۰۱٦ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەڕۆژی ۲۰۱۹/٤/۲ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ۵ پێنج ساڵ و (۱) یەك مانگ بەپێی ماددەی ۳۱/٤۰۵ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ۲٤۳ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ۱۹۵/ك/ ۲۰۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۲۸
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو شهد عبدالستار عبدالحسن
ئاگادارکردنەوەی سزا
لەئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە ۱۹۵/ك/ ۲۰۱۹ لەڕێکەوتی ۲۰۱۹/۷/۲۸ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ٤ لەیاسای بغاء دادگاکەمان بریاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (۹) بەیانی لەبەرواری ۲۰۱۹/۹/۱ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خوێت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/۳
ژمارە/۳۲۷/ك/۲۰۱۹/۳
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۷/۲۲
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: بختیار صدیق یابه
ئاگادارکردنەوەی (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ۳۲۷/ك/۲۰۱۹/۳ لە ۲۰۱۹/۷/۲۲ لەسەرت بە زیندانی کردنی الحبس بۆ ماوەی ۳ سێ مانگ بەپێی ماددەی ٤۱۳ لەیاسای سزا بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخویی ڕۆژانە پێت رابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا ۳ سێ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

* * *

دادگای کەتنی هەولێر/۲
ژمارە/۱۸/پاسپۆرت/۲۰۱۸
ڕێکەوت:۲۰۱۹/۷/۲۳
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: هبه عدنان حمد حسن
ئاگادارکردنەوەی (سزا)
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ۱۸/پاسپۆرت/۲۰۱۸ لە ۲۰۱۹/٤/۲۳ لەسەرت بە پێبڕاردن (الغرامە) بەبڕی (۲۵۰,۰۰۰) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بەپێی ماددەی ۱۰/یەکەم لەیاسای پاسپۆرت بەشێوەیەکی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخویی ڕۆژانە پێت رابگەینرێت مافی تانوو لێدانت هەیە (الطعن) لە بریارەکە بەرێگای نارازیبوون (الاعتراض) لە ماوەی یاسایدا ۳ سێ مانگ لەڕۆژی بلاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە (التمییز) لە ماوەی (۱) یەك مانگ بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەر/ حسن علی مراد امین

* * *

دادگای تاوانی هەولێر/۱
ژمارە: ٤۱٤/ج/۲۰۱٦
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۲۵
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ جهال غازر محمود
ئاگادارکردنەوە سزا
دادگای تاوانی هەولێر/۱ لە داوای ژمارە ٤۱٤/ج/۲۰۱٦ وە پاش دادگاییکردنت بەپاشملە غیابی لەڕۆژی ۲۰۱۹/٤/۲ دادگا بریاریدا بەبەندکردنت بۆ ماوەی ۵ پێنج ساڵ و (۱) یەك مانگ بەپێی ماددەی ۳۱/٤۰۵ لەیاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیەنین کە لەماوەی شەش مانگ لەڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی ماددەی ۲٤۳ لەیاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی مافی تانە لێدانت لاعتراض و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبروەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

* * *

دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ۱۹۵/ك/ ۲۰۱۹
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۷/۲۸
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو شهد عبدالستار عبدالحسن
ئاگادارکردنەوەی سزا
لەئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە ۱۹۵/ك/ ۲۰۱۹ لەڕێکەوتی ۲۰۱۹/۷/۲۸ لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە ٤ لەیاسای بغاء دادگاکەمان بریاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (۹) بەیانی لەبەرواری ۲۰۱۹/۹/۱ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خوێت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین

* * *

Vacancy Announcement

Petoil is looking to fill the following vacancy in the Kurdistan Region of Iraq

Job Title: Loading/Weighbridge Operator

Job Reference: VA-24

Job Location: Chia Surkh Oilfield، Kalar

Position Overview:

Under general supervision of Production & Operations Superintendent، the Loading Operator is responsible for operating all loading equipment in connection with receiving، storing، transferring and loading of crude oil.

Qualifications:

- **Bachelor Degree/Diploma in Mechanical، Electrical، Petroleum، Civil، or any equivalent combination of education and experience that could produce the same competences**
- **Ability to execute in an environment with competing priorities**
- **Ability to communicate in a positive، respectful and effective manner**
- **Good experience in working with safety rules**
- **Fluent in both English & Kurdish، both read and write**

ئەگەر ئەو مەرجانەی لای سەرەوەت تێدایە، تکایە سیڤی خۆت بە زمانی ئینگلیزی بنێرە بۆ dashne@petoil.com.tr و ئاماژە بە ناوی پۆستەکە بکە. دوا ڕۆژی وەرگرتنی 06 :2019/08/CV.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: IT Support Engineer

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: To provide first level IT direction and support of end user computing environments, and the establishment of an effective support structure to ensure that IT systems and resources are delivered to the required levels of availability, redundancy, security and performance. Provide ongoing (hands on) support to end users to ensure the efficient operation and use of IT systems and resources. Enforce the standardization and process as applicable, and ensure the agreed SLA's with the business are met

KEY RESPONSIBILITIES

- Monitor of IT Service Desk phone extension, mailbox and log tickets as required
- Classification and diagnosis of incidents and requests, analyses & prioritize accordingly and (if required) assign to the correct support queues.
- Resolve incidents and requests that are within first line scope of work:
- Administration of Active Directory (AD), Guest Wi-Fi and Print Queue accounts,
- Resolution of standard desktop queries and maintaining Service Desk knowledge articles.
- Meeting Room support, including assistance with Video Conferencing
- Primary user/support for workstation configuration management (via SCCM); e.g. deploying scripted applications, patches and image laptops/desktops

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor's degree in computer science or equivalent
- 5+ years' IT experience with Oil and Gas industry
- Fluent English speaking and business writing skills
- Desired IT certification – CompTIA A+, Cisco CCNA, Windows Server MCSA 2012
- Experience with support for VIP and other executives

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

zain

ئاگاداریی

کۆمپانیای أثیر بۆ پەیوەندییەکانی عێراقی سنووردار زیادکردنێك رادەگەیەنێت بۆ فرۆشتنی موەلیدەی بەکارهاتوو لەگەڵ چەند کەلوپەلێکی دیکە لە کۆگاکانی کۆمپانیا لە پارێزگاکانی بەغدا و بەسرە و کەرکوك و هەولێر.

ئەمەش بە پێی فۆرمێکی مەرج و شێوەی تەکنیکی تایبەت دەبێت، کە دەتوانرێت بە خۆرایی لە بارەگای کۆمپانیادا بەدەستبهێنرێت لە بەغدا- جادرییە- گەرەکی 915 شەقامی 35 باڵمخانەی 27- بەشی کرین- نهۆمی پێنجەم لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی بیست و هەشتی مانگی تەممووزی ساڵی 2019 بەولاوە.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە ژمارە 07901903450 لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا چواری ئێوارە لەو ماوەیەی کە لەسەرەوەدا ئاماژەی پێدراوە.

لەگەڵ ڕێزدا

کۆمپانیای أثیر بۆ پەیوەندی عێراقی سنووردار

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1952:
ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە میسر بە بڕیارێک سەرجەم نازناوە مەدەنیە فەرمییەکانی قەدەغە کرد.



ساڵی 1968:
سەرجەم ئەو کەسانە لەناوبران کە لایەنگری سەرکردایەتی شۆڕشی 17ی تەمموز نەبوون لە عێراق.



ساڵی 1999:
بە فەرمی محەمەدی شەشەم کرا بە پادشای مەغریب.



ساڵی 2005:
لە ئەنجامی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی، جۆن گەرەنگی سەرۆکی باشووری سودان گیانی لەدەست دا.



ساڵی 2013:
دوای ئاسف عەلی، مەمنون حوسێن کرا بە سەرۆکی پاکستان.



ساڵی 2015:
دوای مردنی مەلا عومەر ، مەلا مەنسور وەک سەرۆکی بزووتنەوەی تالیبان هەڵبژێردرا.



ناسیۆنالیزمی عەرەبی
کۆمەڵێک دروشمی بریقەدار و هەوڵێک بۆ سڕینەوەی بەرامبەر



حازم جەعفەر

دیارە کە "ناسیۆنالیزم" لە جیۆگرافیایەکی دیاریکراودا سەرچاوە دەگرێت. ئەرکی "ناسیۆنالیزم" ڕێزگرتنە لە فەرهەنگ و مێژووی نەتەوەیەک کە خوازیارە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی. هەرچی "ناسیۆنالیست"ـە، مەبەست لێی تاکێکی نەتەوەخواز یان نەتەوەپەرستە. کاتێکیش باسی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەکەین: "مێشێل عەفلەق" وەک "ناسیۆنالیست" و کۆڕک و بیری نەتەوەپەرستی عەرەبی، دێتە هزرمان. ئەو بیرمەندە سووریەیە بە بیروباوەڕی (سۆسیالیزم)ـەوە، کە ئەم پەیڕەوە لە سەرەتادا هاوتایەکی بیری "مارکسیزم" بوو، بووە دامەزرێنەری بیری نەتەوەپەرستی عەرەبی.


"میشێل عەفلەق" لە نۆی کانوونی دووەمی 1910 لە دیمەشقی پایتەختی سووریا لە بنەماڵەیەکی "ئەرسەدۆکسی" مەسیحی لە دایک بوو. بەهۆی داگیرکاری فەرەنسا بۆ سەر سووریا و ناوچەکە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو قوتابخانانە تەواو کرد کە زمانی خوێندن تێیاندا (فەرەنسایی) بوو، پاشان بۆ خوێندنی زیاتر ڕوو دەکاتە فەرەنسا خۆی و لە زانکۆی سۆربۆن بڕوانامە لە بەشی یاسا بەدەست دێنێت.عەفلەق بەردەوام کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئەو پارتە ناسیۆنالیستانەی لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیای نازی هەبوون. بۆیە دوای گەڕانەوەی لە فەرەنساوە بۆ سووریا، لە ڕێی هاوڕێیەکیەوە بیروباوەڕی ناسیۆنالیزمی و نەتەوەپەرستی عەرەبی بڵاو کردەوە.بە بەکارهێنانی دروشمەکانی (ئازادی و سەربەخۆیی) لە شەقامە گشتییەکان و قوتابخانە و زانکۆکاندا، دواتر فکر و ئایدۆلۆجیای نەتەوەپەرستی گەیاندە هەموو شوێنێک و بە چالاکی کەوتە کارکردن بۆ یەکگرتنەوەیی نیشتمانی عەرەبی یان دەوڵەتانی عەرەب.لەگەڵ بڵاوبوونەوە و فەرەوانبوونی بیری "ناسیۆنالیزمی عەرەبی" لە ساڵی 1941 بزووتنەوەیەکی بە ناوی (زیندوکردنەوەی عەرەبی) دامەزراند و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی سووریایی بە گشتی و گەنجان بە تایبەتی، کەوتنە ژێر کاریگەری بیر و تیۆرە سیاسییەکانی "میشێل عەفلەق" بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی و نەتەوەپەرستی، لەگەڵ ئەوەشدا بیری نەتەوەپەرستی و نەژادی، سنووری (سووریا)ی بڕی و لە وڵاتە عەرەبییەکانی تریش پەرەی سەند، وەک دەڵێن: سیاسییەکانی "میشێل عەفلەق" بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی و نەتەوەپەرستی، لەگەڵ ئەوەشدا بیری نەتەوەپەرستی و نەژادی، سنووری (سووریا)ی بڕی و لە وڵاتە عەرەبییەکانی تریش پەرەی سەند، وەک دەڵێن: "پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێ کرا". بۆیە بەردەوام کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیان لەگەڵ کەسایەتییە کاریگەر و ڕۆشنبیرەکان لە (چایخانەی ڕەشید) ئەنجام دەدا. بە کۆکردنەوەی جەماوەرێکی زۆر لە خۆیان، ساڵی 1948 حزبی بەعس" یەکەم کۆنگرەی خۆی لە سووریا گرێ دا و تێیدا: "میشێل عەفلەق" بوو بە ئەمینداری گشتی حزبەکە، لەگەڵ ئەوەی دامەزرێنەری بیرۆکەی نەتەوەپەرستیش بوو، بەردەوام جەختی لەسەر ڕەسەنایەتی عەرەب دەکردەوە. "پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێ کرا". بۆیە بەردەوام کۆبوونەوە و دانیشتنەکانیان لەگەڵ کەسایەتییە کاریگەر و ڕۆشنبیرەکان لە (چایخانەی ڕەشید) ئەنجام دەدا. بە کۆکردنەوەی جەماوەرێکی زۆر لە خۆیان، ساڵی 1948 حزبی بەعس" یەکەم کۆنگرەی خۆی لە سووریا گرێ دا و تێیدا: "میشێل عەفلەق" بوو بە ئەمینداری گشتی حزبەکە، لەگەڵ ئەوەی دامەزرێنەری بیرۆکەی نەتەوەپەرستیش بوو، بەردەوام جەختی لەسەر ڕەسەنایەتی عەرەب دەکردەوە. وڵاتانی عەرەبی هان دەدا دژی کۆڵۆنیالیزمی فەرەنسایی و ئینگلیز بووەستنەوە و جۆشوخرۆش بخەنە ناو جەماوەر.عەفلەق تەنیا متمانەی بە شۆڕشی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبوو، لەگەڵ پێگەیاندن و دروستکردنی نەوەیەکی ناسیۆلیست بۆ نەتەوەپەرستی عەرەبی. هاوکات دژی شۆڕشی چەکداری و سەربازی دەوەستایەوە، هەر ئەوە وایکرد عەفلەق و هاوڕێکانی بۆ تاراوگە و وڵاتانی تری عەرەبی ڕا بکەن، بەهۆی ئەو کودەتا سەربازییانەی لە سووریا ئەنجام دەدران، دیارترین کودەتای سەربازیش بۆ ئەوکات، لەلایەن "ئەدیب شیشکلی"یەوە ئەنجام درا.دوای ئەوەی حزبی بەعسی سووریا لەگەڵ حزبی عەرەبی سوسیالیستی یەکیان گرت، عەفلەق بە ئەمینداری گشتی حزبە یەکگرتووەکەیش دەستنیشان کرا، کاتێکیش گۆنگرەیی یەکگرتوویان ئەنجام دا، حزبی بەعس پرۆژەی یەکگرتنەوەی وڵاتانی عەرەبی پێشکەش کرد و بۆ یەکەمجار لە مێژووی سووریا و میسردا ساڵی 1958 (دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو)یان ڕاگەیاند. بەڵام نارەزایەتی بەشێک لە سەرکردە سەربازییەکانی سووریا، وایکرد کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدرێ و (دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو) هەڵبوەشێتەوە.



عەفلەق لە ڕێی چەندان بەیاننامەی جیاوازەوە باڵی سەربازی بە نەیار و یاخی ناو دەبرد بە جۆرێک تەواوی دژایەتیکردنی خۆی لە بەرانبەریان، پیشان دا.دواتر گواستنەوەی بیرۆکە و ئاکارەکانی حزبی بەعس لە سووریاوە بۆ عێراق، لەلایەن "سەعدون حەمادی"یەوە کاری لەسەر کرا تا حزبی بەعسی عێراق لە ساڵی 1952 دامەزرا. لەگەڵ هاتنە ناوەوەی ئەم بیرۆکەیە بۆ عێراق، عەفلەق چەندان جار سەردانی سەرکردە سیاسییەکانی عێراقی کرد و لە نزیکەوە دانیشتن و گفتوگۆیان لەبارەی ناسیۆنالیزمێکی نوێ و فۆرمێکی جیاواز دەکردەوە.

لە دوای شۆڕشی 14ی تەموزی ساڵی 1958 حزبی بەعس بەشداری لە حکوومەتی عەبدولکەریم قاسم کرد و دوای چەندان کودەتای سەربازی لە عێراق، بەعس چەند جارێک دەسەڵاتی گرتە دەست و لە دەسەڵاتیش دوور دەخرایەوە. تا ساڵی 1968 حزبی بەعس بەبێ پچڕان دەسەڵاتی گرتە دەست و لە 2003 کەوت و قەدەغە کرا.لەژێر سایەی ئەو حزبەدا چەند دەزگایەکی ئەمنی دامەزرا و سەرکووتی نەیار و بەرهەڵستکارانی دژی حزبی بەعسی دەکرد، کە دیارترینیان پاسەوانی نەتەوەیی بوون کە پێیان دەوترا: (الحرس القومی).یەکەمین سکرتێری حزبی بەعس لە عێراق، "فوئاد رکابی" بوو، بەدوایدا پێنج سکرتێری یاسایی دێن کە ناوەکانیا: "تالیب حوسێن، عەلی سالح، حازم جواد و ئەحمەد حەسەن بەکر" بوون. کۆتا سکرتێریشی سەددام حوسێنی لەدار دراوبوو. کە زۆرترین ماوە و 24ساڵ فەرمانڕەوایی خاکی عێراقی کرد. سەددامی نەفرەتی لە ماوەی حوکمڕانیدا بەهۆی سەپاندنی بیری نەتەوەپەرستی عەرەبی، وایکرد عێراق کەوتە باردۆخێکی سەخت و دژوار، بە تایبەت بۆ نەتەوەی کورد.سەددام حوسێن بەردەوام هەوڵی خۆسەپاندنی بەسەر وڵاتانی دەوروبەر دەدا، بەو هۆیەشەوە عێراق ماوەی هەشت ساڵ کەوتە جەنگێکی خوێناوی لەگەڵ ئێران. لە ناوخۆیشدا بەردەوام هەوڵی سەرکوتکردنی کەمینەکانی دەدا و هێرشی دەکردە سەریان، بە دیاریکراوی بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، لە ڕێی سوپا و فڕۆکەی جەنگی و تانک و زریپۆشەکانییەوە کەوتە گیانی میللەتی کورد و، سەتان هەزار کەسی دەربەدەر و کیمیاباران و ئەنفال کرد.سەددامی تینوو بەخوێنی نەتەوە ناعەرەبەکان ناسیۆلیست و خۆسەپێن بوو. پێی وابوو دەتوانێت بەرەی "نیشتمانی عەرەبی" دروست بکات، بەڵام تیۆڕ و سیاسەتەکانی حزبی بەعسی بۆ خۆی بەکاردەهێنا. کاتێک گەیشتە ئەو بڕوایەی ناتوانێت سەرکەوتووبێت، هەوڵی خۆ نزیککردنەوەی لە کەمینەکانی عێراق و کورد دا، بۆ ئەوەی بێنە ژێر باری حزبی بەعس و کاریان بۆ بکەن.بۆ نیشاندانی نیازپاکی خۆی لەگەڵ کورد، چەند جارێک (جلوبەرگی) کوردی پۆشیوە، بەڵام هەموو ئەو کارانەی نەبوونە جێی ڕەزامەندی و هاوتابوونی بەرەی کوردستانی لەگەڵی. دواجار وڵاتانی هاوپەیمان بە سەرکردایەتی ئەمەریکا گەردەلوولی بیابانیان دژی ڕاگەیاند و لە ماوەیەکی کەمدا سوپایەکەی تووشی شکست هات و سەددام خۆیشی بەدیل گیرا و زەمانە سووڕایەوە و دوای دادگایی، لەلایەن دادوەرێکی کوردەوە بڕیاری لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنرا و جێبەجێش کرا.دوای نەمانی سەددام حوسێن بەشێوەیەکی نایاسایی و نەپێنی، حزبی بەعس لە ساڵی 2007 لەلایەن دوو سەرکردەی نزیک لە سەددام بەردەوام بوون، بەشێوەی دوو باڵی جیاواز و پاوانخواز کە ئەوانیش بریتێن لە "عیزەت دوری و یونس ئەحمەد".ئەوەی جێی باس و خواسی تازەیە لە دنیای سۆسیالیزم و دروستکردنی تاکێکی سۆسیالیست، (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام)بوو. گرووپێکی سەربازی و لەناکاو، لەژێر ناوی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی، خزایە ناو گرژی و ئاڵۆزییەکانی ئەو چەند ساڵەی شەڕی سووریا.لە وڵاتە عەرەبییەکان، کاتێک گرووپ و لایەنێک بۆ ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی دروست دەبێت، خانەی بیر و باوەڕی ئاینی ئیسلام دەکاتە پێشەنگ، چونکە دەزانێت ئەو وڵاتانە بە زۆرترین ڕێژە دەکەونە ژێر کاریگەریی ئاکارەکانی ئیسلام و بەناوی "جیهاد"ییەوە پەلکێش دەکرێن. داوا و بەیاننامە دەنێرن بۆ هەموو تاکێکی موسڵمان لە وڵاتانی دەرەوەی عەرەب، تا پەلکێشی ناو ئەو گرووپانە بکرێن، بێ ئاگا لەوەی ویستی ئەوان تەنیا بۆ گەیشتنە بە "ناسیۆنالیزم" لە هەموو وڵاتانی عەرەبی و دروستکردنی "نیشتمانی عەرەبی یەکگرتوو".

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/7/30 ژمارە (5800)
خەبات



رووسیا.. خۆپیشاندان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی دروست دەکرێت

عەبدولقادر کەڵهوڕ

لە گەورەترین ئۆپەراسیۆنی ئەمنیدا کە سالانێکە رووینەداوە، پۆلیسی رووسیا رۆژی شەممەی رابردوو زیاتر لە هەزار کەسی لە گردبوونەوەیەکدا لە مۆسکۆی پایتەخت دەستگیرکرد. پۆلیسی رووسیا خۆپیشاندەرانیان لە بەردەم ئۆفیسی پاریزگاری ئەو شارە دوورخستەوە دواتر هێرشیان کردنە سەرو زیاتر لە هەزار کەسیان لە خۆپیشاندەران دەستگیرکرد کە نارەزاییان دەردەبڕی بەرانبەر بە دوورخستنەوەی چەند کاندیدێکی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵبژاردنە نێو خۆییەکاندا، کە بە بۆچوونی خۆپیشاندەران ئەو دوورخستنەوانە هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە. جێی باسە پۆلیسی رووسیا چەند کاندیدێکی قەدەغەکراوی لە پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنە نێو خۆییەکانی رووسیا دوورخستەوە کە بڕیارە لە 8ی سێپتەمبەر ئەنجامبدرێت.

دەسەڵاتدارانی سەرپەرشتیار بەسەر هەڵبژاردنەکان 30 کاندیدیان دوورخستنەوە لە خۆکاندیدکردن بەو بەهانەی نەیانتوانیوە ئیمزای پێویست بۆ خۆکاندیدکردن کۆبکەنەوە .بەرپرسانی پۆلیسی رووسیا دەڵێن هەزارو 74 کەسیان دەستگیرکردووە کە بەشداریان لە خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەتدا کردووە، بەڵام چاودێران دەڵێن ژمارەی دەستگیرکراوان هەزارو 127کەسە.لەو بارەوە عومدەی مۆسکۆ کە لە ئاستی پاریزگاردایە و ناوی سێرگی سۆبیانینە گوتی، ئەو جۆرە خۆپیشاندانانە هەڕەشەیە بۆ سەر ئەمنی مۆسکۆ، هاوکات بەڵێنیدا کە بە هەموو توانایەک پاریزگاری لە ئەمنی پایتەخت دەکات .لە بەرانبەردا لایەنگرانی ئۆپۆزیسیۆن لە رووسیا نارەزایی خۆیان لەبەرانبەر حزبی دەسەڵاتدار وچۆنییەتی بەڕێوەبردنی کاروباری مۆسکۆ دەربڕی. جێی باسە حوکمی 30 رۆژ زیندانیکردن بەسەر ئەلێکسی سەرکردەی ئۆزیسیۆن سەپێنرا کەداوای ئەنجامدانی خۆپیشاندانی کردبوو، هەروەها یەکیکە لە و کەسانەی بەتوندترین شێوە رەخنە لە سیاسەتەکانی ڤلادیمیر پۆتن سەرۆکی روسیاسی فیدرالا دەگرێت. ڤلادیمیر پۆتن بەمەبەستی مەلەی ژێر ئاو چووبووە ناوچەکانی دەریای بەلتیق، ئەلێکسی ناڤالنی سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆنیش گوتبووی، کێشەکان لەسەر زەوی هێندە زۆرن لە رووسیا ، بۆچووک کردنەوەیان پێویستی مەلەی ژێر ئاو هەیە .

چی رووەدات؟

رۆژی شەممەی رابردوو زیاتر لە 20 هەزار کەس لە مۆسکۆ گردبوونەوەو نارەزاییان دەربڕی و داوایان دەکرد هەڵبژاردنەکانی نێوخۆیی رووسیا بە بێگەردی ئەنجامبدرێت ، لە بەرانبەردا پۆلیس رێگەی لێگرتن و دەیان کەسی لێ دەستگیرکردن .لەوچوارچێوەدا پۆلیسی رووسیا ئاشکرایکرد، ژمارەی خۆپیشاندەران زیاتر لە 3500 کەس بووە و نزیکەی 700 رۆژنامەنووسیان لە نێواندابووە، ئەوان دووریان خستوونەتەوە لە بارەگای عومدەی مۆسکۆ . بەو پێیەی ئەگەر رێگەیان لێنەگرتبوونایە خۆپیشاندانەکە دەبووە هۆی تێکدانی ئەمن و ئارامی مۆسکۆی پایتەخت . لە ئاکامدا چەند خۆپیشاندەرێک بریندار بوون و دوو پۆلیسیش چارەسەری بزیشکیان وەرگرتووە بەهۆی ئازار پێگەیشتنیانەوە .جێی زانینە، دەسەلاتدارنی سەرپەرشتیکار بەسەر هەڵبژاردنەکان داوایان لەو کەسانە کردبوو کە خۆیان بۆ هەڵبژارنە نێوخۆییەکانی رووسیا کاندیدکردووە ، پرۆسەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکە گرت ، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو.





لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی رووسیا تۆمەتی دزی و سپی کردنەوەی پارەیان ئاراستەی ئەلێکسی ناڤالنی سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆنی رووسیا کردووەتەوە، ئەوەش دووەم جارە ئەو تۆمەتانە ئاراستەی ناوبراو دەکرێنەوە. گوایە لە نێوان سالانی 2008 - 2011 لەگەڵ براکەی ئۆلیگ لەوکاتەی لە بۆاوری گوساتنەوەو پۆستە کاریان کردووە نزیکەی 55 ملیۆن رۆپل یان دزیوە.لە بەرانبەردا ناڤالنی تەمەن 36 ساڵ گوتی، ئەو تۆمەتانە مایەی پێکەنینن چونکە دوای خۆپیشاندان و نارەزاییەکانی پۆپۆزیسیۆنی رووسیا ئاراستەی کراوە .پێشتریش لە تەموزی پارسال بە گەندەڵی لە بواری فرۆشتنی دارو تەختە تۆمەتبار کرا ئەو کاتیش گوتی ، ئەو تۆمەتانە زۆر پووچن . لە بەرانبەردا دەسەڵاتدارانی رووسیا ناڤالنییان دووخستووەتەوە لە خۆکاندیدکردن و پێیان وایە ئەو ناتوانێت خۆی کاندید بکات چونکە تۆمەتبارە بە تۆمەتی گەندەڵی.ئەویش پێی وایە ئەو دووخستنەوە هۆکاری سیاسی لە پشتەوەیە هیچ پەیوندی بەو تۆمەتانەوە نییە کە ئاراستەی کراوە .

لەلایەکی دیکەوە، ڤلادیمیر پۆتن سەرۆکی رووسیا رایگەیاند کە بەنیازە ساڵی داهاتوو جارێکی دیکە خۆی بۆ سەرۆکایەتی رووسیا کاندید بکات ..پۆتین لە وتەیەکدا لە شاری ڤۆلگا لە کارگەی دروستکردنی ئۆتۆمبیل بۆ کرێکارانی کارگەکە گوتی، ساڵی داهاتوو بەنیازم جارێکی دیکە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی رووسیا خۆم کاندید بکەمەوە. جێی باسە لە ساڵی 2000وە ڤلادیمیر لە سەرۆکایەتی رووسیادایەچ وەکو سەرۆکی رووسیا یا وەکو سەرۆک وەزیرانی ئەو ولاتە ، ئەوجارەیان ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنێتەوە تاکو ساڵی 2024 وەک سەرۆکی رووسیاسی فیدرالا دەمێنێتەوە.



وێنە و کۆمێنت

کۆشکی باکینگهام داوای یارمەتی دەکات!

بە گوێرەی هەواڵێکی رۆژنامەی زە سەنی بەریتانی، دوای ئەوەی کارمەندانی کۆشکی باکینگهام لە خواردنگەی کۆشک جورجێک دەبینن، داوای یارمەتی لە تیمێکی تایبەت بە لەناوبردنی ئەو جۆرە گیانەوەرانە دەکەن. هەمان رۆژنامە لەسەر زاری کارمەندانی نهۆمەکانی خوارەوەی کۆشک دەڵێ: ئەوان لەسەر بینینی مشکی بچووک راهاتوون و کۆمەڵێک رێوشوێنیشیان گرتۆتە بەر لەوانە دانانی ژەهر لەو شوێنانەی پێشبینی دەکرێ ئەو جۆرە گیانەوەرانەی تیادا هەبێ هەروەها داخستنی دەرگای کۆگاکان و فڕێنەدانی پاشماوەی خواردن.

مانشێت



سکای نیوز:
لە شاری گیلرۆی سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمەریکا کەسێک تەقەی لە ژمارەیەک خەڵکی سڤیل کرد و لە ئەنجامدا 3 کەس کوژران و دواتر پۆلیس تەقەکەرەکەی کوشت.



ئەی ئێف پی:
لە کابۆلی پایتەختی ئەفغانستان هێرش کرایە سەر نوسینگەی کاندیدێکی سەرۆکایەتی و 20 کەس کوژران و 50ی دیکە بریندار بوون.

سی ئێن ئێن:
بە مەبەستی تاوتوێکردنی بابەتی چوونەدەرەوە لە یەکێتی ئەوروپا ، بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی نوێی بەریتانیا یەکەم گەشتی خۆی بۆ سکۆتلەندا ئەنجام دەدات.



رۆژنامەی ئەلحەیات:
دوای ئەوەی رەخنەی توندی ئاراستەی نوێنەرێکی رەشپێست کرد، دیموکراتەکان جارێکی دیکە تڕەمپیان بە رەگەزپەرست وەسف کرد.



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
جارێکی دیکە حکوومەتی ئیتاڵیا دووپاتی کردەوە کە ئەگەر وڵاتانی ئەوروپا سەبارەت بە دابەشکردنی پەنابەران رێک نەکەون ، ئەو بەنیاز نییە چیتر پێشوازیان لێ بکات.



کەنالی ئار تی:
بە مەبەستی پاراستنی کەشتیەکانی لە کەنداو، بەریتانیا ژمارەیەک سەربازی دیکە ڕەوانەی بەحرێن دەکات.

www.xebat.net
ژمارە (5800) 2019/7/30 ساڵی شەشەم



تایبەتمەندی چاندنی ئۆرگانی و سوودەکانی

چاندنی ئۆرگانی بریتییە لە سیستەمی بەرهەمهێنان دوور لە بەکارهێنانی قرکەری کیمیایی و پەینی ئاوێتەیی پیشەسازی و ئەو مادەانەی تێکەڵ بە ئاڵیکی رەشەوڵاخ دەکرێت و ڕێکخەرەکانی گەشە بە شێوەیەکی فراوان. بە شێوەیەکی سەرەکی سیستەمی چاندنی ئۆرگانی پشتبەستێت بە پاشماوەی ڕووەکی و پەینی سروشتی و سەوز و گژوگیای زیانبەخش و سووڕی کشتوکاڵی و پاشماوەی ئۆرگانی دەرەوەی کێڵگە و پاقڵەمەنییەکان و پەینی پاشەڕۆی ئاژەڵی و ئیدیکە. چاندنی ئۆرگانی هاوسەنگییە لە نێوان هاتووەکان و دەرچووەکانە لە سیستەمی داخراودا. بەرزبوونەوەی هۆشیاری بەکاربەران بووە هۆی بیرکردنەوە لە بابەتی خۆراکی بێزیان و بابەتەکانی ژینگە و لە هەڵکشانی پیادەکردنی سیستەمی چاندنی ئۆرگانی بە شێوەیەکی بەرچاو لەو چەند ساڵەی دواییدا.

تایبەتمەندی چاندنی ئۆرگانی

بە شێوەیەکی گشتی چاندنی ئۆرگانی چەندین سوودی بۆ ژینگە و سروشت هەیە وەک: قەڵاچۆکردنی باشتر بۆ گژوگیا و دەرە کشتوکاڵییەکان لە ڕێگای شارەزایی لە سووڕی کشتوکاڵی (خولی کشتوکاڵی) و هەمەجۆری زیندەگی وپەینی ئۆرگانی و مادەی کیمیاییە بەکارهاتووەکان. هاندانی چالاکی بایۆلۆجی خاک، پاراستنی پێکهاتەی خاک لە ڕێگای بەکارهێنانی مادەی ئۆرگانییەکان، دابینکردنی توخمە خۆراکییەکان بۆ بەروبوومەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای بونەوەرە زیندەگییە مایکرۆبییەکانی نێو خاک، چەسپاندنی ڕێژەی نایترۆجین لە خاکدا بە هۆی بەکار هێنانی پاقڵەمەنییەکان. پەروەردەکردنی ڕەشەوڵاخ لەسەر بنەمای گونجاو و گرنگیدان بە ژینگە و پاراستنی سەرچاوە سروشتی و ژیانی کیوی.

گرنگی بەرهەمەکانی ئۆرگانی

بەرهەمەکانی ئۆرگانی بەسوودە بۆ مرۆڤ و بۆ ژینگە، لە هەمانکاتدا بڕێکی زیاتر لە توخمە خۆراکییەکانی تێدایە. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە سەنتەری مادەی ئۆرگانییەکان (The Organic Center) بڵاویکردۆتەوە دەریدەخات خۆراکە ئۆرگانییەکان دەوڵەمەندن بە دژە ئۆکسایین و پۆلیفینۆڵ و دوو ئاوێتەی فلافۆنیدی سەرەکی (کیرسیتین و کیمیرۆڵ) کە بەسوودن بۆ تەندروستی، لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە لە گۆڤاری کیمیای خۆراکە کشتوکاڵییەکان (Journal of Agricultural Food Chemistry) بڵاوکراوەتەوە، ئاشکرایدەکات لە سەر ئاستی هەبوونی ترشیی فینۆلییەکان لە تروو و فەراولە و گەنمە شامی دەرکەوتووە ئەو بەروبوومانەی بە شێوەی ئۆرگانی چاندراون بڕێکی زیاتر لە ترشە فینۆلییەکانی تێدایە، ترشە فینۆلییەکانیش گرنگن بۆ دروستی ڕووەک و تەندروستی مرۆڤ بە هەمان شێوە بەهۆی چالاکی دژە ئۆکسینی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر تایبەتمەندی چارەسەرکردن لەوانە تایبەتمەندی دژە شێرپەنجە.





نهێنی گۆڕانی تامی تەماتە دۆزرایەوە

لە ڕاپۆرتێکدا کە لە گۆڤاری (ناچرال جینیتکس)ی ئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە زانایان کۆمپانیەکی دەگمەنی جینی (بۆهێل)ای کە ئەگەر هەیە بەرپرس بێت لە گۆڕینی تامی تەماتە و تامێکی خۆشی پێ ببەخشێت ئاشکراکرد. زۆر لە بەرهەمهێنەرانی تەماتە بڕی بەرهەم زیاد دەکەن و هەوڵدەدەن قەبارەیەکی گەورەیان دەست دەکەوێت و تەمەنی تەماتەکەش درێژترە و بۆ ماوەیەکی درێژ لە بازاڕاکاندا بێنێتەوە، بە پشتگوێخستنی تامی تەماتەکە.

تیمێک لە توێژەران دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی زانیاری بۆماوەیی بۆ 725 دانە تەماتەی کیوی و زنجیرەیەک زانیاری جینی تایبەتیان بۆ ئەو ڕووەکە داڕێژت. بەراوردێکیان لە نێوان جینۆمی تەماتەی دەستکاریکراو و جینۆمی تەماتەی (هاینز 1706) کرد کە تاکو ئێستا بە جینی بنەڕەتی تەماتە دادەندرێت. لە بەراوردکردنەکەدا بۆیان دەرکەوت تەنها 2 لەسەدای ئەو تەماتەیەی لە بازاڕەکاندا دەفرۆشرێت کە دەستکاری جینیان بۆ کراوە ئەو جۆرە بۆهێل یان جینەیان تێدایە کە تامی تەماتە خۆش دەکات و کە بە ڕێژەی 90 لەسەدا لە تاماتەی کیوی دا هەیە.

بۆ گەڕاندنەوەی تامە خۆشەکەی تەماتە بۆ بازاڕکان پەرە بە تەماتەی دەستکاریکراوی جینی درا و بە بەکارهێنانی جینۆمی دروستکراو لە ماددەی کارۆتینەکان بۆ ئەوەی تام و بۆنە خۆشەکەی تەماتە بگەڕێتەوە. ماددە کارۆتینەکان بریتین لەو بۆیەیەی کە ڕەنگ بە سەوزەکانی وەک تەماتە و گێزەر و گەنەشامی دەبەخشێت.

(جیمس جیۆفانیۆن) یەکێکە لە بەشداربووانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەڵێ: جگە لە تامە خۆشەکەی کە ئەو جینە بە تەماتەکەی دەدات لە هەمانکاتدا جوتیاران لە ڕێگای پەرەپێدانی ئەو جۆرە تەماتانەوە دەتوانن تەماتەی بەرهەلستکار بۆ نەخۆشییەکان بەرهەم بێنن، ئێستا ئەو نەخۆشییانە لە ڕێگای ڕشاندنیان بە قرکەرەکان قەڵاچۆ دەکرێن کە خەرجییەکی زۆری پێویستە و هاوڕێی ژینگە نییە.

چاوەڕێ دەکرێت دوای دۆزینەوەی ئەو جینە تەماتەی پیشەسازی تامیان خۆشتربێت و بۆنوبەرامیان ویستراوتر بێت.

یەک سێو 100 ملیۆن بەکتریای تێدایە

سێوێک دوورت دەخاتەوە لە پزیشک، ئەوە وتەیەکی میللیە بەردەوام گوێ بیستی دەبین، بە هەمانشێوە توێژینەوە پزیشکییە تازەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ڕۆژانە دانەیەک سێو بخوڕێت بۆ تەندروستییەکی باشتر. بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی تازە، یەک دانە سێو نزیکەی 100 ملیۆن بەکتریای تێدایە شانبەشانی ریشاڵ و ئاوێتە سروشتییەکانی دژە ئۆکسین وەک (فلافۆنیدەکان) وێڕای تام و لەگەڵ ژمارەیەک لە بەکتریا کە دەیان جار زیاترە لەوەی لە میوەکانی دیکەدا هەیە.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی (نیۆیۆرک) ئەنجامدراوە دەریدەخات: سێوی ئۆرگانی کۆمەڵێک بەکتریای جیاواز و هاوسەنگی تێدایە کە هۆکارن بۆ ئەوەی زیاتر تەندروست بێت و تامەکەی خۆشتر بێت بە بەراورد بە سێوی ئاسایی لە هەمانکاتدا سوودی بۆ ژینگە



خۆراکەکانماندا هەیە لە نێو ریخۆڵەکانماندا نیشتەجێ دەبن، بە کۆڵاندن زۆر لەوانە لەناو دەچن بۆیە سەوزە و میوەی نوێ بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەندرێت بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بونەوەرەکانی نێو ریخۆڵەکان.

لە لێکۆڵینەوەکەدا زانایان بەراوردێکیان لە نێوان بەکتریای دوو جۆر سێو کردووە، جۆری یەکەمیان بە شێوەی ئاسایی چاندراوە و جۆری دووەمیان بە شێوەی ئۆرگانی چاندراوە، شیکردنەوە بۆ تۆێکڵ و بەشە گۆشتنەکەی و تۆوەکەی و لاچکەکەی کراوە، بە شێوەیەکی گشتی سێوی ئۆرگانی و ئاسایی هەمان ژمارە بەکتریایان تێدایە.

توێژەران پێشبینی دەکەن سێوێک کە کێشەکەی 240 گرام بێت نزیکەی 100 ملیۆن بەکتریای تێدا بێت زۆربەی ئەو بەکتریانە لە تۆوەکەدا دەبێت و هەندێکیش لە بەشی گۆشتنەکەی سێوەکەدایە بۆیە لە کاتی هەبوونی هەر کێشەیەک لە ریخۆڵەکاندا خواردنی دانەیەک لە سێوی سروشتی بە باشترین چارەسەر دادەندرێت.

سووده‌کانی کاڤیار

کاڤیار چەندین سوودی هەیە بە هۆیی دەوڵەمەندی بە تۆخمە خۆراکییەکان لەو سوودانەش چالاککردنی سووڕی خوێن لە جەستەدا کە دەبێتە هۆیی چالاکی جەستە و بەرزبوونەوەی توانای بۆ کارکردن، لە کاتێکدا سووڕی خوێن لە جەستەدا چالاک دەبێت ئەوا خوێن خۆراک و ئۆکسجین دەگەیەنێتە سەرجەم خانەکان و لە پاشەڕۆ بەرهەم هاتووەکان دەربازیان دەکات.

کاڤیار بەسوودە بۆ پاراستنی دڵ وخوێنبەرەکان لە نەخۆشی وەک گیران و ڕەق بوونی خوێن بەرەکان ئەوەش بەهۆیی دەوڵەمەندی کاڤیارەوە بە ترشی ئۆمێگا 3 کە بەسوودە بۆ کۆئەندامی سووڕی خوێن، لە هەمانکاتدا کاڤیار ئاستی پەستانی خوێنی بەرز دادەبەزێنێت.

کاڤیار توخمی (B13) تێدایە کە هاندەرە بۆ چالاککردنی دروستکردنی خانەکانی خوێنی سوور. هەبوونی توخمی سیرینیۆم بە ڕێژەیەکی بەرز لە کاڤیاردا هۆکارە بۆ پاراستنی جەستە لە نەخۆشی شێرپەنجە.

کاڤیار توانای بەرهەمهێنانی ماددەی کۆلاجینی هەیە لە جەستەدا کە بە هۆیەوە دروستیی ڕووخسار دەپارێزێت و ڕونەقی پێدەبەخشێت. هۆکارە بۆ بەرهەمهێنانی وزە لە جەستەدا بەهۆیی دەوڵەمەندی بە ڕۆنە فۆسفۆریەکان وەک (لیسیتین، کیافیلین، سیفۆنگۆزین).

سەرکەی سپی و کاریگەری لەسەر ئاستی شەکرەی خوێن



لە لێکۆڵینەوەیەکی ژاپۆنی دا دەرکەوتووە خواردنەوەی 15 ملیگرام لە سرکەی تێکەڵ بە ئاو کاریگەری دەبێت لە سەر ڕێکخستنی ئاستی شەکرەی نێو خوێن، ئەوەش سوودی دەبێت بۆ نەخۆشەکانی شەکرە لە کاتی بەکارهێنانی سرکە لەگەڵ ژەمەکانی خواردنیاندا بە ڕێژەی گونجاو. لە هەمانکاتدا ئەگەر هەیە سرکەی سپی ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لە زیادبوونی هەڵمژینی کالیسیۆم و باشکردنی ئەو پڕۆسەیە لە جەستەدا، ئەوەش بەهۆی هەبوونی ترشیی سرکەوەیە ڕوودەدات. لە ئەنجامدا بەکارهێنانی ڕێکوپێکی سرکە یارییدەدەرە بۆ بەهێزکردنی ئێسک و کەمکردنەوەی مەترسیی توشبوون بە داخوڕان ئێسک.

سرکەی سپی ڕێژەیەکی کەمی لە یەکەی گەرمی (کالۆری) تێدایە، بۆیە بە جێگرەوەیەکی نموونەیی هەندێک ماددە دێت کە لەگەڵ خۆراکدا تێکەڵ دەکرێت وەک مایۆنیز. بۆیە خواردنی سرکە ڕێگایەکە بۆ کۆنترۆڵکردنی کێش و دروست ڕاگرتنی یەکەی گەرمی، هەروەها باشترین چارەسەرە بۆ ڕێکخستنی ئاستی شەکرەی خوێن و هاوکارە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئارەزووی خواردن و هەستکردن بە تێری.

سوودە تەندروستییەکانی مۆز

یەکەم: بۆ چارەسەرکردنی ڕەوانی، ئەو کەسانەی کەتووشی ڕەوانی هاتوون پێویستە ڕۆژانە یەک مۆز بخۆن، بەهۆیی هەبوونی ماددەی (بەکتین) لە پێکهاتەی مۆزدا زۆر بەسوودە بۆ ڕاگرتنی ڕەوانی.

دووەم: بۆ چارەسەرکردنی تێکچوونی باری کۆئەندامی هەرس، بەردەوام بوون لە خواردنی مۆز بەسوودە بۆ کۆئەندامی هەرس بە مەرجێک بە باشی بیجوین.

سێیەم: بۆچارەسەرکردنی ماندوو بوون و شەکەتی، مۆز بە باشترین میوە دادەنرێت بۆئەو کەسانەی هەست بە شەکەتی دەکەن بۆ ڕووماندەوەی ماندووبوونیان.

چوارەم: گەشەکردنی جەستە، ژەمێکی پێکهاتوو لە مۆز و نان و شیر یارمەتی دەرە بۆ گەشەی جەستە، خواردنی 3 مۆز لە ڕۆژێکدا سەرجەم پێداویستیەکانی جەستە لە کالسیۆم و فۆسفۆر و ئاسن دابین دەکات.

پێنجەم: بۆ نەهێشتنی خوێنی زیاد لە جەستەدا، مۆز باشترین چارەسەرە بۆ ئەوانەی تووشی خوێنی زیاد هاتوون خوێنیەکە لەناودەبات وزەش دەبەخشێتە جەستە.

شەشەم: چارەسەری کڵۆڕ بوونی ددان، تەنها خواردنی مۆزێک لە ڕۆژێکدا بەسە بۆ ڕێگاگرتن لە کڵۆڕ بوونی ددان.

حەوتەم: بۆ ئافرەتی دووگیان، خواردنی مۆز لە لایەن ئافرەتی دووگیانەوە هاوسەنگی دەپارێزێت لە ماەی دووگیانیدا.

هەشتەم: ئەو کەسانەی کە قەڵەون یان نەخۆشی شەکرەیان هەیە یان سووتانەوە و ئازاری گەدەیان هەیە نابێت مۆز بخۆن.

نۆیەم: مۆز خۆراکێکی بەسوودە بۆ منداڵ چونکە بە خێرایی هەرس دەبێت و هەروەها بۆ منداڵی شیرە خۆرە دوایی سێ مانگی تەمەنی بەسوودە بە هۆی هەبوونی پرۆتین و نیشاستە لە پێکهاتەکەی دا.





لەخولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستاندا:

هەولێر بەدوو گۆڵ لە برایەتی بردەوەو هەر لەپێشەنگ مایەوە

پێشمەرگەی هەولێریش 8 جار تۆری جیهانی هەژاند



ئا:سەرهەنگ نەجمەدین- فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

رۆژی 28/ 7 لەسەرجەم شارۆچکەکانی کوردستان قۆناخی پێنجەمی خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستان سەرکەوتووانەبەڕێوەچوو، لەیەکەمین یاریدا لەیاریگای فرەنسۆهەریری/ 2هەردوو تیپی تازەپێگەیشتووانی هەولێر و برایەتی لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا یانەی هەولێر توانی بەئەنجامی 2-1گۆڵ لەیانەی برایەتی بباتەوە و 3خاڵی زێرینی خستە سەر خاڵەکانی خۆی، بەم ئەنجامە تیپی هەولێر دوای کۆکردنەوەی 15خاڵ هەر لەپێشەنگی رێزبەندی یانەکان مایەوە، لەبەرانبەردا برایەتی بەکۆکردنەوەی 2خاڵ لەپلەی یازەمینی رێزبەندی خولەکەدا دەبیندرێت، لەیارییەکی دیکەدا و لەیاریگای پێشمەرگەی هەولێر، هەردوو تیپی پێشمەرگەی هەولێر و جیهان ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، یارییەکە لەبەرژەوەندی پێشمەرگەی هەولێر بەهەشت گۆڵی بێ وەڵام کۆتایی هات، پێشمەرگەی هەولێر بەم سەرکەوتنە کۆی خاڵەکانی بوو بە 7خاڵ و لەپلەی پێنجەمی رێزبەندی خولەکە جێگیر بووە.

ئەنجامی یارییەکانی دیکەیش بەم شێوەیە بوو:

دهۆک *2ئاشتی 1
زاخۆ *4سیروانی نوێ 2
رزگاری *1زانکۆی جیهان 0
ئارارات *1دەربەندیخان 2

رێزبەندی گەڕی پێنجەمی خولەکە لەپلەی یەکەم تا پلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:

1- هەولێر 15خاڵ-2زاخۆ 11خاڵ-3پێشمەرگەی سلێمانی 10خاڵ-5رزگاری 10خاڵ.

ئەکرەم سەلمان بۆ وەرزێکی دیکە لەگەڵ هەولێر بەردەوام دەبێت



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

دوای ئاست خراپی یانەی هەولێر لەخولی نایابی عێراقدا، فریادڕەسی یانەی هەولێر ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان بۆ ماوەی یەک ساڵی دیکە گرێبەستی لەگەڵ دەستەی کارگێری یانەی هەولێر ئیمزا کرد.

بەروای 28/ 7 لەبارەگای یانەی وەرشی هەولێر بەئامادەبوونی سەرۆکی یانەی وەرزشی هەولێر د.عەبدوڵلا مەجید ، گرێبەستی ڕاهێنەر ئەکرەم سەلمان ڕاهێنەری ئێستای یانەکە بۆ ماوەی یەک وەرز ئیمزا کرد. پێویستە بگوترێ لەوەتەی ڕاهێنەر ئەکرەم سەڵمان ئەرکی ڕاهێنەرایەتی یانەی هەولێری لەئەستۆ گرتووە، ناوبراو دەورێکی باڵای هەبووە لەپێشخستنی تواناو ئاستی تیپەکە لەخولی نایابی عێراقدا، دەستەی کارگێری یانەی هەولێر بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاستی تیپەکەیان بۆندی ڕاهێنەر ئەکرەم سەڵمان بۆماوەی یەک وەرز ئیمزا کرد.

کۆرتوا: من گۆڵپارێزی ژمارە یەکی ریال مەدریدم



تیبۆ کۆرتوا، گۆڵپارێزی بەلجیکی یانەی ریال مەدرید، پێش دەست پێ کردنی وەرزی دووەمی لەگەڵ ریال مەدرید، متمانەیەکی زۆری بەخۆی هەیە، کە ئەو گۆڵپارێزی ژمارە یەکە لە یانەی شاهانەدا.

کۆرتوا لە میانی لێدوانی بۆ ڕۆژنامەی هیت نیوزپلادی بەلجیکی وتی:"وا بزانم شتەکە ڕوون بووەتەوە، کێ گۆڵپارێزی ژمارە یەکە لە یانەکەدا، وا هەست دەکەم، زۆر لە جاران بە هێزتر دەبم". هەروەها وتی:"ماوەی ئامادەکارییم زۆر باش بوو، با باشی ڕاهێنانەکانم کردووە و ڕەوشم زۆر باشە، لە کۆتایی وەرزی ڕابردوودا، ڕێژەی چەوری لە جەستەم 8.8% بوو، بەڵام ئێستا ڕێژەی چەوری جەستەم 8.1%، ئەوەش شتێکی باشە دوای مانگێک وچان، هەست دەکەم ڕەوشم باشە و هیوادارم لەسەر ئەو هەستە بەردەوام بم". کۆرتوا لە بارەی هاوڵاتییەکەی، ئیدین هازارد، کە ئەمسااڵ هاتووەتە ریال مەدرید، ڕازی نەبوو هیچ بەراوردێک لە نێوان ئەو و ئەستێرەی پێشووی یانەکە، کریستیانۆ ڕۆنالدۆ، ئەستێرەی ئێستای یۆڤانتسدا بکات. تیبۆ لە مبارەیەوە وتی:"ئیدین ئیدینە و، نابێت بەهیچ یاریزانێک بەراورد بکرێت، دەبێت یاریزانێکی گرنگی تیپەکە بێت، وەکو چۆن لەگەڵ چێلسی و هەڵبژاردەی نیشتمانیدا وا بوو، ئەگەر ئەوەش روو بدات، هەموو شتێک باش دەبێت".

ڕەمزی میرەکانی

چیرۆکی درێسی ڕەش و سپی لای یۆڤینتۆس

لەسااڵی 1903یانەی یۆڤینتۆس درێسی وەردی لەبەر دەکرد، بەڵام زۆر سەرسام بوون بە درێسی ڕەش و سپی تیپی نۆتس کاونتی، کە دواجار درێسی ڕەش و سپی بووە بەناوبانگترینی جیهان.

ئەو یانە ئینگلیزیە قەرزار بوو زۆر، بەشێوەیەک کە لیلیان گرینوودی ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی نامەیەکی ئاراستەی یانەی یۆڤینتۆس کرد و تیایدا داوای کردبوو درێس بۆ ئەو یانە ئینگلیزییە دەستەبەر بکات، لای خۆیەوە یۆڤینتۆس بەکردەنی لەگەڵ کۆمپانیای ئەدیداس ڕێگەوتبوو کە درێس بۆ یانەی نۆتس ئەکاونتی دابین بکات، بەڵام لەسەر ئەوە ڕێکنەکەوتن چونکە گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای پوما بۆ ماوەی دوو ساڵ هەیە و ڕێگەنادرێت جگە لە درێسی ئەو دریسی هیچ یانەیەکی تر لەبەر بکات.

گەوهەرەکەی خولی ئینگلیزی چووە لیڤەرپوول

یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی ڕایگەیاند کە کارەکانی گرێبەستەکەیان لەگەڵ هارڤی ئیلیوتی ئەستێرەی یانەی فولهامی ئینگلیزی تەواو بووە و ئەو ئێستا یاریزانی لیڤەرە. ئەو یاریزانە بەهۆی ئاستبەرزییەوە ئەمسااڵ ببووە جێی تێڕوانینی زۆرێک لەیانەکانی ئەوروپا، بەتایبەتیش هەردوو یانەی ریال مەدرید و بەرشلۆنە و پاریس سان جێرمان و ئەرسنال و مانچستەر سیتی، ئەو یاریزانە لەوەرزی ڕابردوو وەک بچووکترین یاریزانی خولی ئینگلیزی لە ریزی یانەی فۆلهام یاری کرد، بەڵام ئەو یانە نەیتوانی پاریزگاری لە مانەوەی خۆی بکات لە خولی ئینگلیزی.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 30. Jul. 2019 No: (5800)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

زنجیرە دۆبلاژکراوەکان بۆ کۆمەڵگەی خۆیان بەرهەم هێناون، بەهیچ جۆرێک لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری ناگونجێن

هونەرمەند ژیلوان تاهیر: خەریکی ئۆپێرای (خەج و سیامەند)م



هەڤپەیڤین: کامەران حاجی ئەلیاس

هونەرمەند و نووسەر (د. ژیلوان تاهیر) یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کەجێ پەنجەی لە نێو شانۆی کوردی دیارە، یەکێک بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان کاری دەرهێنانی بۆ (36)شانۆگەری و (60) کلیپ کردووە، بە بەردەوامی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەسەر بواری شانۆ و دراما دەنوسێت، بۆ زیاتر ئاشنا بوو بە کارو چالاکی ئەو هونەرمەندە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

سەرەتا ئەگەر بکرێت، کورتەیەک لەژیانی هونەری خۆت بۆ خوێنەرمان باس بکەیت؟

من ژیلوان تاهیر لەساڵی 1966لەشاری هەولێر لەدایک بووم ،ساڵی 1992 بروانامەی بەکالۆریۆسم لە بواری دەرهێنان لە کۆلێژی هونەرجوانەکانی بەغدا بەدەست هێناوە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگەی هونەرجوانەکانی هەولێر و سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان کاری دەرهێنانی بۆ (36)شانۆگەری و (60) کلیپ کردووە، بە بەردەوامی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان لەسەر بواری شانۆ و دراما دەنوسێت، بۆ زیاتر ئاشنا بوو بە کارو چالاکی ئەو هونەرمەندە، ئەم دیدارەمان لەگەڵ سازدا.

ئەو شانۆگەرییانەی کە تۆ دەرهێنەر بووی لە کوێ و کەی پێشکەش کراون؟

یەکەم شانۆگەری کە دەرهێنەر بووم لە ساڵی 1992 بەناونیشانی (ئەو شەوە درەنگ) بوو لە نووسینی ئەنوەر قەرەداغی و لە شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی هونەرەکان پێشکەش کرا، دوای ئەوە چەندین شانۆگەری تر دەرهێنەر بووم لە شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی هونەرەکان و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی ئاداب و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی زانستی سیاسی و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردە و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی ئەندازیاری و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی ئابووری و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی یاسا و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی کشتوکاڵ و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی ئاسایی و شانۆی کۆمەڵگەی خوێندکارانی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت